# Çareserî

Êraqêki Dimukratîk Kurdistanêki Azad

Organî Nawendî Partî Çareserî Dimukratî Kurdistan

Heyvî 22 T.Dubem 2002 Jimare 15 Salî Yekem


# پێویستە کوردان لەکاتی دەستێوەردانی ئێراقدا نەبن بەسەربازی هێزی بیگانە

## KADEK: پێویستە سەرۆك ئاپۆ ئازاد بکرێ



ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی KADEK عوسمان ئۆجەلان لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی MEDYA-TV دا بەتەلەفۆن بەشداری کرد و گوتی: ئەو کەسانەی پێش ئێستا لەمیانی سیاسەتی نکوڵی و فڕکردن مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی کوردا کرد ئەمرۆ ئیفلاسیان کردووە. لەسێ بەشی تورکیا بەشێکی کوردە، بۆیە کێشەی کورد، کێشەی سەرەکی تورکیایە. هەروەها گوتی: لەپلانی خەباتی پارتی داد و گەشەپێدان، کێشە بنچینەییەکان پشت گوێ خراون، کەچی لەڕاستیدا چارەسەری هەموو کێشەکانی تری تورکیا بەچارەسەری کێشەی کوردەوە گرێدراوە، بۆیە ئەم پارتییە چەندە پشتگیری ناوخۆیی و دەرەکیش بەدەست بهێنێت بەڵام ئەگەر کێشەی ئازادی گەلی کورد چارەسەر نەکات ئەوا ناتوانێت سەربکەوێت. هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا هەندێك مەرجی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ریز کرد و گوتی: پێویستە سەرۆکی نەتەوەیی سەرۆك ئاپۆ ئازاد بکرێ، پێویستە ئاشتییەکی جێگیر بەرقەرار بکرێت، پێویستە ماف پەخش و ڕاگەیاندن و فێربوون بەزمانی کوردی بێ سنور بناسرێت. پێویستە بۆ پێشخستنی دیموکراسی بەدڵ هەنگاو بهاوێژرێت.

دەبێ ڕەوشی سەرۆك ئاپۆ لەماوەی ٣ مانگدا بکەوێتە ڕۆژەڤ و لەماوەی ٦ مانگدا سەبارەت بەڕەوشی گشتی هەنگاو بهاوێژرێت. ئەگەر ئەوانە نەکەونە ڕۆژەڤەوە ئەوا مەترسی شەڕ دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە. هەروەها گوتی سەرۆکی ئێمە سەرۆکی گەلێکە، بۆیە پەسند ناکرێت کە ماف قسەکردنی لێبسەندرێتەوە. ئێمە ئەمە پەسند ناکەین. ئەسارەتی سەرۆکی ئێمە ئەسارەتی گەلی کوردە.

## باشووری کوردستان دەرگای خۆی بۆ CIA ئاوالا کرد

ژمارەی ڕۆژی ١٢ ـ ١١ ڕۆژنامەی ئەمریکی "لۆس ئەنجلێس تایمز" نوسیویەتی کە واشنتۆن هاوکاری خۆیان لەگەڵ کوردەکانی باشووری کوردستان نوێکردۆتەوە. بەپێی ڕۆژنامەکە چەند بەرپرسیارێکی ئیستخباراتی ئەمریکا لەباشووری کوردستانن و ئامادەکاری دەکەن بۆ وەشاندنی گورزێکی سەربازی و ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام. ڕۆژنامەکە پشت ئەستور بەسەرچاوە کوردییەکان لەباشوور ڕایگەیاند کە: کاربەدەستانی ئیستخباراتی ئەمریکا ئەرکی جیاوازیان هەیە جگە لەئامادەکاری هێرش بۆ سەر ئێراق، هەروەها ئەرکی دامەزراندنی ناوەندی چاودێری کردنی هەرێمەکانی تری ئێراق بەڕێوە دەبەن.

## سەروتار

لەکاتێکدا دەستێوەردانی ڕژێمی ئێراق لەرۆژەڤی ئەمریکادایە. پێویستە کوردان بزانن بە چ ڕەنگێک و لەنێو کام بەرەدا جێگا دەگرن و چ ڕۆڵێک دەکەوێتە سەرشانیان. وشیاربوونی کوردان لەم قۆناخەدا زۆر گرنگە. ئەگەر بێتو هێزەکانی باشووری کوردستان بەگشتی لایەنگری گۆڕینی ڕژێمی ئێراق بکەن، ئەوا هەڵوێستێکی پۆزەتیڤە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕژێمە لەڕەوشی هەرە لاوازدایە، کەچی دەبینین هەنگاوێکی جددی بۆ کێشەی کوردان ناهاوێژێ، هەربۆیە بەلاوەنانی ڕژێم و سیاسەت و سیستەمێکی بەمرەنگە، داخوازی گەلی کوردە. لێرەدا خاڵی مەترسیدار کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێ، سیاسەتی هێزەکانی باشوورە، کە مەترسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، ئەویش هەڵسوکەوتی ئەو هێزانەیە، کە وەك پارچەیەك لەسوپای ئەمریکا، یاخود کەوتنە پێش هێزەکانی ڕۆژئاوا و بەفەرمانی ئەوان جموجۆڵ دەکەن. چونکە بوون بەسەربازی هێزی دیکە هیچ کاتێك چارەسەری ناهێنێ و بەرژەوەندی گەلیش ناپارێزێ. زۆرجاران کوردان کەوتنە بەر سوپای سەفەوی و عوسمانی و لەشکری بێگانە. PDK لەساڵانی ٧٠ کاندا پشتی خۆی بەئەمریکا گرێدا، بەڵام ئەنجام چی بوو؟ گەلی کورد مایەپووچ و بێ ئایندە مانەوە، ڕووبەڕووی گەلێك کۆکوژیش هاتن. لەوانەیە بڵێن دونیا گۆڕاوە، بەڵام هەر هێزێك کاتێك کارێك ئەنجام دەدات، ئەوا بەرژەوەندی خۆی بەبنەما وەردەگرێت. ئەمە بۆ ئەمرۆش ڕاستییەکە. هەربۆیە ئەمرۆش ئەمریکا بەتەواوی بۆ مەسەلەی ئایندەی ئێراق و گەلی کوردیش، پرۆژەیەکی ڕوون و ئاشکرای نییە و هەموو هەوڵدانەکانی لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدایە.

لەبەرئەوە سیاسەتێکی بەو ڕەنگە کە لەبازنەی سیاسەتی دەرەکیدا دەجولێتەوە، هیچ کاتێ ناتوانێ ببێتە خاوەن ئیرادەیەکی سەربەخۆ و نوێنەرایەتی گەلی پێ ناکرێ، بەڵکو دەبنە ئامرازێك بۆ پاراستنی سیاسەتی بەرژەوەندی زلهێزەکان! هەربۆیە PDK و YNK بەبانگەشەی بریقەدار، ناتوانن ببن بەدیموکرات و ڕێککەوتن ئەنجام بدەن و بەرژەوەندی گەل بپارێزن. چونکە تاکو لەسیاسەت و ئەقڵییەتدا گۆڕانکاری دیموکراسیانە ئەنجام نەدەن، ناتوانن خۆیان لەئامراز بوون ڕزگار بکەن، هیچ کاتێك ناتوانن ڕێککەوتنی ناوخۆیی تۆکمەش ئەنجام بدەن و ببنە هێزێك کە دەسکەوتی گەل بپارێزن و مۆرك لەئایندە بدەن.

# ڕاپۆرتە هەواڵ سەرۆک ئاپۆ بۆ گەلی کورد سەمبولی ئاشتییە

دوای ٣٥ ڕۆژ ڕێگەنەدان بەپارێزەران بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆك ئاپۆ. لە ١١/١٣ پارێزەرەکان توانیان چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن. شایەنی ئاماژەپێکردنە کوردان بۆ ناڕەزایی دەربڕین و شەرمەزارکردنی ئەم سیاسەتەی دەوڵەت لەبەرامبەر سەرۆك ئاپۆ، لەئەوروپا و قەفقاسیا و گشت شارەکانی کوردستان و تورکیا، ڕێپێوان و چالاکی بەرفراوانیان ئەنجامدا. خۆپیشاندەران و دروشمی ئازادی بۆ سەرۆك ئاپۆ، ئاشتی بۆ کوردستانیان بەرز کردەوە. دیاریان کرد کە سەرۆك ئاپۆ بۆ گەلی کورد، سەمبولی ئاشتییە و ئەو هەڵوێست و سیاسەتە دژ بەحقوقە. داوایان لەڕای گشتی کرد کە بەجددی هەڵوەستە لەسەر ڕەوشی ناڵەبار و گۆشەگیرکردنی سەرۆك ئاپۆ بکەن، ئەو چالاکیانەش ئامادەچێت فراوانتر دەبێت. شایانی باسە کە سەرۆك ئاپۆ لەدوا چاوپێکەوتنی لەگەڵ پارێزەرەکانی، ڕادەگەیەنێ کە ئەم سیاسەت و هەڵوێستە پاشماوە و کاریگەرییەکانی حکومەتی پێشووە سەبارەت بەڕەوشی ئەو. هەروەها سەبارەت بەهەمان بابەت ٢٤ سیناتۆری ئیتالی داوایان کرد کە ڕەوشی گۆشەگیرکردن، کۆتایی پێ بهێنرێت و هەلومەرجی باشتر بۆ سەرۆك ئاپۆ پێك بهێنرێت، هەروەها داواشیان لەسەرۆکی ئیتالیا (برلسکۆنی) کرد سەبارەت بەڕەوشی سەرۆك ئاپۆ لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گفتوگۆ بکەن.

هەروەها پرۆفیسۆری حقوقی نێونەتەوەیی زانکۆی هامبۆرگ (نۆرمان پیتچ)یش دیاری کرد کە ئەو گۆشەگیر کردنە بەردەوامی سیاسەتی کاتی هەڵبژاردنی ١١/٣ یە و هیچ واتایەك بەم هەڵوێستە نادات و ناکۆکە لەگەڵ پەیمانی مافی مرۆڤی ئەوروپا.

دۆزگەری ئیتالی (ئەلەکسەندرۆ مارگەرا) کە لەکۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی زینداناتی ئەوروپا جێگا دەگرێت ماوەیەك پێش ئێستاش لەتورکیا لێکۆڵینەوەی کردبوو، سەبارەت بەهەلومەرجی زیندانی "سەرۆك ئاپۆ" لێدوانێکی دا و گوتی: بەئاشکرا لەبەرامبەر ئۆجەلان جیاکاری ئەنجام دەدرێت. بەبڕیارێکی سیاسی لەدورگەی ئیمرالی تەنیا و گۆشەگیر کراوە. هەروەها وتی: ئەو هەلومەرجەی کە ئۆجەلان تێیدایە، بەگوێرەی حقوق و یاسای نێودەوڵەتی نییە. لەم ڕووەوە بەرپرسیارێتی ئیتالیاشی بەبیری هێنایەوە و گوتی: جگە لەبەرپرسیارێتی ئیتالیا لەمەسەلەی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی، ئیتالیا وڵاتێکە کە مافی پەنابەرێتی داوە بە"ئۆجەلان" بۆیە لەم ڕووەوەش ئیتالیا بەرپرسیارێتی هەیە و پێویستە ئەو سیاسەتەی کە لەبەرامبەر ئۆجەلان بەڕێوە دەبرێت، لەنزیکەوە هەڵبسەنگێنێ و بەرپرسیارێتی خۆی بەجێ بگەیەنێت. هەروەها وڵاتانی ئەوروپاشی ڕەخنە کرد و گوتی: وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئەوەی سیاسەتی چەوت دەربارەی زیندانیان نەبینن، پەردەیەکی ڕەشیان داوەتە بەرچاوی خۆیان.

## نەخۆشخانەکانی هەرێمی ئامەد، بەگوێرەی شەڕ و ئەگەری کارەساتێکی چاوەڕوانکراو ئامادە دەکرێت

سەرۆکی هۆدەی پزیشکانی ئامەد و هەرێمەکە، بۆ ئەوەی ڕەوشی شەڕێکی چاوەڕوانکراو تاوتوێ بکەن. لەحەوت شاری جیاواز، بەگشتیش نوێنەری ١٥ هۆدەی پزیشکان کۆبوونەوەیەك ساز دەکەن. سەرۆکی هۆدەی پزیشکانی هەرێمی ئامەد دیاریکرد کە ئەوەندەی ئەوان چاودێریان کردووە، لەنەخۆشخانەکان ئامادەکاری شەڕ نییە. بەڵام گوتی: پێویستە وەکو ئەوەی کە شەڕ دێتە کایەوە و کاریگەری لەهەرێمەکەش بکات، ئامادەکاری ئەنجام بدرێت. بەم شێوەیە بەردەوامی بەقسەکانی خۆیدا بەڕاستی ئەگەر ئامادەکاری نەبێت و شەڕ دەربکەوێت ئەوا ڕەوش زۆر خراپ دەبێت. ئەوە گرنگ نییە کە ژمارەی پزیشکان کەم بن یاخود نا، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئامادەکردنی کەسانی پسپۆڕە. هەروەها گوتی: ئێمە لەکۆبوونەوەکەماندا، بابەتی چۆنیەتی پەیوەندی و هاوکاری هۆدەکانی تر و هەروەها ئایا گەل لەبەرامبەر بەکارهێنرانی چەکی کیمیای و بایلۆژی و ئەتۆمی پەروەردە بکەین. یان نا، لەوانەیە لەکاتی شەڕدا کۆچبەری دروست بێت، ئێمە چۆن هاوکاری تیمەکان بکەین، کە بۆ هاوکاری بچنە هەرێمەکە، گفتوگۆ دەکەین. هەروەها دەڵێت ئێمە لەسەر سنوورین بۆیە پێویستە لەسەر شێمانەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم و بایۆلۆژی بەجۆری گفتوگۆ بکەین و خەباتکارانی پزیشك و گەلیش پەروەردە بکرێن و گوتی: نەخۆشخانەکان بەگوێرەی ڕەوشێکی نائاسایی بێ ئامادەکارین و پێویستە ئەو ئامادەکاریانە تەواو بکرێن.

## لەمەراسیمێکدا هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد قایا بەبیر هێنرایەوە



لە ١١/١٦ دووەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی هونەرمەندی بەناوبانگی کورد ئەحمەد قایا کە دوو ساڵ لەمەوبەر لەپاریس پایتەختی فەرەنسا لەئەنجامی ڕاوەستاندنی دڵ گیانی لەدەست دا، بەمەراسیمێك بەبیر هێنرایەوە. مەراسیمی یادەوەرییەکە لەسەر گۆڕی هونەرمەند بەڕێوەچوو، تیایدا بنەماڵەی هونەرمەند و سەدان هونەرمەند و خۆشەویستانی ئەحمەد قایا بەشدار بوون. شایانی ئاماژە پێکردنە کە هونەرمەندی ناوبراو لەدرێژایی تەمەنی، بەسەدان گۆرانی و دەیان کاسێتی تۆمار کردووە، بەئاواز و دەنگە ڕەسەنەکەی، ببووە مایەی خۆشەویستی هەزاران کەس و لەنێو توێژی هونەرمەندانیش لەئاستی جیهانیدا ڕێزێکی تایبەتی هەبوو.

## نامەیەك بۆ ڕەجەب تایب ئەردۆغان

ئەندامانی فراکسیۆنی کورد لەپەرلەمانی ئێران نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان (ڕەجەب تایب ئەردۆغان) کرد. پەرلەمانتاران لەنامەکەیاندا کۆمەڵێك داخوازیان ڕیزکردووە، پەرلەمانتاران داوا لەپارتی دادوگەشەپێدان دەکەن کە لەبەرنامەی پارتەکەیان لەحکومەتدا، قەدەخەکاری سەرزمانی کوردی هەڵبگیردرێت و پەروەردە بەزمانی دایك ئازاد بکرێت. هەروەها پەرلەمانتارانی کورد داوا دەکەن کە لەهەرێمە کوردنشینەکاندا ئازادی و دیموکراسی بەرقەرار بکرێت.

# خاچی سووری نێو دەوڵەتی سەردانی هەرێمی پاراستنی میدیا دەکات

پەیامنێری چارەسەری: رۆژی ٢٠٠٢/١١/١٣ وەفدێکی خاچی سووری نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی "شازیە ئیسلام شاه" سەرۆکی لقی سلێمانی رێکخراوەکە سەردانی ناوچەکانی هەرێمی پاراستنی میدیایان کرد و لەگەڵ بەرپرسیارانی PÇDK ی ناوەندی سۆران دانیشتن و کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا. لەم کۆبوونەوەیەدا باس لەچۆنیەتی گەیشتنی پێداویستی نەخۆشخانەی ناوچەکە کرا. هەروەها بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپ و تەگەرانە کە دەبێتە هۆی درەنگ گەیشتنی ئەو پێداویستیانە گفتوگۆ ئەنجامدرا و لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا، کە مانگانە یارمەتی ئەم ناوچەیە بدەن. جێگای سەرنجە بەڕێز "شازیە" رایگەیاند: کە ئەم ناوچەیە بێ بەشە لەیارمەتی مرۆیی، هەروەها لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی باشووری کوردستان کەمتەرخەمی هەیە. وەفدەکە لەگەڵ خۆیاندا هەندێك پێداویستی نەخۆشخانە و دەرمانیان هێنابوو.

هەروەها شازیە داوای کرد کە سەردانی زیندانی ئەم ناوچەیە بکات. بەرپرسیارانی PÇDK ش بەم شێوەیە وەڵامیاندایەوە: تاوەکو ئێستا بەندیخانەی ئێمە نییە ئەگەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەناوچەکەشدا دەرکەوێت، بەگوێرەی ئەو دەستورنامەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ کە بۆ ئەم ناوچەیە ئامادە کراوە. ئەم دەستوورنامەیەش بەرژەمەندی گەل و لەچوارچێوەی یاسا و رێسای حقوقی دیموکراسیدایە.

هەروەها لەکۆبوونەوەکەدا بەرپرسیارانی PÇDK لەسەر هەرێمی پاراستنی میدیا گفتوگۆیان کرد، وەفدەکەش بەشێوەیەکی باش رەوشی بەڕێوەبەرایەتی ئەم ناوچەیەیان هەڵسەنگاند و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هەرێمەکە بەهێز بکەن.

## بۆ ژمارەی داهاتوو

پەیامنێری چارەسەری: رۆژنامەکەمان سەبارەت بەدوا رەوشی باشووری کوردستان و ئێراق رێپۆرتاژێکی لەگەڵ بەڕێز "شێخ عومەر" ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموکراتیخوازان ئەنجامدا لەوەڵامی پرسیارەکاندا بەڕێزی جەختی لەسەر پێویستی بەرقەرارکردنی ئاشتی نێوخۆیی و سەقامگیرکردنی دیموکراسی و یەکێتی و تەبایی بزووتنەوەی کوردی لەکوردستان بەگشتی و لەباشووری کوردستان بەتایبەتی کردەوە. لەژمارەی داهاتووی رۆژنامەکەماندا دەقی رێپۆرتاژەکە بۆ خوێنەرانی رۆژنامەکەمان بڵاو دەکەینەوە.

## فیستیڤاڵی چاند و هونەری شەهید ژیندا

**پەیامنێری چارەسەری:** پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەچوارچێوەی بوژانەوەی کولتووری نەتەوەیی و بڵندکردنی ئاستی وشیاری گەل لەهەرێمەکانی پاراستنی میدیا بەردەوام پرۆژەی خزمەتگوزاری و پەروەردەیی و رۆشنبیری و چالاکی وەرزشی و چالاکی دیموکراسیانە پێشدەخات. هەر لەم میانەدا فیستیڤاڵی چاند و هونەری شەهید ژیندا رۆژی ١٠، ١١/ ١٢/ مانگی کانوونی یەکەم لەناوچەی باڵەیان و گوندی ئێنزێ بەڕێوە دەبات. ئەم فیستیڤاڵەش سمینار، شانۆ، پێشەنگای کاریکاتۆری و هەڵپەڕکێ، مۆسیقا و نمایشکردنی کەلەپووری نەتەوەیی لەخۆوە دەگرێت.

## لەمەراسیمێکی شکۆداردا شەش فارمانی نەتەوەیی راگەیەنرا

پەیامنێری چارەسەری: دەزگای کاروباری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەی شەهیدان لەمەراسیمێکی شکۆداردا رۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٠ شەش فارمانی نەتەوەیی راگەیاند. ئەم شەهیدانە کە لەنێو ئارتەشی رزگاری گەلی کوردستان ARGK دا بوون و لەدژی داگیرکەری و خیانەتی نێوخۆیی گیانی پیرۆزییان بەخت کرد و، لەنێو شۆڕشی ژیانەوەی نەتەوەیی بەرێبەرایەتی PKK بوونە سیمبوڵی یەکێتی نەتەوەیی و پارێزوانی دەسکەوتەکانی گەل.

راگەیاندنی ئەم شەهیدانەش بەبەشدار بوونی خێزانی شەهیدان و سەدان کەس لەجەماوەر و بەشداربوونی بەرپرسیارنی PÇDK و هێزی پاراستنی گەل HPG و نوێنەرانی KADEK و PJA بەڕێوەبرا. هەریەك بەبروسکەی تایبەت بەشدارییان لەڕێو رەسمی راگەیاندنی شەهیدان کرد. هەروەها هێزی پاراستنی گەل HPG و هێزی پارتیزانی چارەسەری HPÇ لەم مەراسیمەدا بۆ رێزگرتن لەشەهیدان نمایشێکی سەربازییان ئەنجامدا: هەروەها بنەماڵەی شەهیدانیش پابەندی خۆیان بەتێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی دووپات کردەوە. جێگای سەرنجە هەر لەو مەراسیمەدا شەش هەڤاڵی شەهید وەك ئەندامی فەخری PÇDK ش لەلایەن ئەنجومەنی ناوەندی پارتیەوە راگەیەنرا. ناوی ئەم شەهیدانەش شەهید "هەڵوێست ـ سەلاحەدین، ئازاد ـ کۆیە، رێناس ـ سلێمانی، وەیسی ـ برادۆست، رێنساس ـ رەواندوز، قەندیل ـ سلێمانی لەژمارەکانی داهاتووی رۆژنامەکەماندا بابەتی تایبەتیان لەسەر بڵاو دەکەینەوە.

# ڕێنماییەکانی ڕێبازی چارەسەری



ئورفە شوێنێکی پیرۆزە، خوداوەند لەوێوە خوڵقێنرا. شۆڕشی چاندنی لەوێوە دەستیپێکرد. بڕۆن لەگەڵ خەڵک بەیەکەوە کار بکەن.

گوتم لەگەڵ پڕۆژەی (گاپ) لەوێوە قۆناخێکی نوێ دەست پێ دەکات. ئیسرائیلییەک لەهەندەرانەوە دێت خاکی چۆڵ ماچ دەکات، ئەوانەی ئێمە رادەکەنە ئەوروپا، ئەمە راست نییە. ئەو خاکانە پیرۆزن، خۆتان تێکەڵی ئیرادەی گەل بکەن، بۆ ئەوەی خۆشەویستی پێش بکەوێت، پێویستە ئاشتی لەگەڵ کۆمەڵگا بکرێت. ئێستا لەسەر بەکۆمەڵگایی بوون و تاکڕەوێتی ( فەردی) دەخوێنمەوە. ئەگەر کۆمەڵگا ئازاد نەکەن، ئەوا نابنە تاکێک. کۆمەڵگا ئازاد نەکرێت خۆشەویستی نابێت، ئەشقیش نابێت. ئەگەر کۆمەڵگا ئازاد بکرێت و خۆشتان ئەوێت، ئەوا شەرەف و رێز (حورمەت) بەدەست ئاهێنن. هەنگاوەکانی دیموکراسی بهاوێژن، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دابمەزرێنن. ئێمە دەوڵەت نا، دیموکراسی دەخوازین. "بۆ ئێمە دەوڵەت نا دیموکراسی پێویستە". بۆ ئەمەش دەڵێین؛ کەمتر دەوڵەت زیاتر دیموکراسی. هەبوون و بەردەوام کردنی ماف زمان، ئازادی و کولتووری کوردان گرنگە، ئەمەش تەنها لەڕێگای دیموکراسییەوە مەیسەر دەبێت. بڵێن: دەوڵەتی ئاشتی و حقوقم دەوێت. هیچ کەسێک لەبەرامبەر ئەمە دەرناکەوێت، بەڵام پێویستی بەهەوڵ و کۆشش هەیە و ئێوە خەبات ناکەن. کاتێک دوو ئیسرائیلی دێنە لای یەکتری ڕێکخستن دروست

**لەژێر بەڕێوەبەرایەتی دوو ئاغا ئەو پەرلەمانە نابێتە دیموکراسی**

دەکەن، کاتێک دوو کورد دێنە لای یەکتری شەڕ دەکەن، ئیدی پێویستە ئەمە تێبگەن و تێیبەڕێنن. گوتبووم بەشێوازی ئینگلیزەکان سیاسەت بکەن.

دەڵێن پەرلەمانی کوردان، ناوەڕۆکەکەی دیموکراسی نییە. ئیمپریالیزم دەخوازێت لەڕێگای دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی ٥٠ یا ١٠٠ ساڵی تر کوردان هەڵبخەڵەتێنێ، ئەمە گەمەی ئینگلیزەکانە، لەژێر بەڕێوەبەرایەتی دوو ئاغا ئەو پەرلەمانە نابێتە دیموکراسی، پێویستە ناوەڕۆکی دیموکراتیزە بکرێت.

لەدادگای ماف مرۆڤی ئەوروپا راستی پیلانگێڕی (گەلەکۆمە) دەردەخەینە مەیدان، لەدادگای ماف مرۆڤی ئەوروپا ستراتیژی ئێمە ئەمەیە. لەدۆزی یۆنانستاندا ئەو بەرگریەی کە دەیکەین، سەبارەت بەوە دەبێت کە باوەڕی دروست بکەین، چۆن ئێمەیان ڕووبەڕووی پیلانگێڕی (گەلەکۆمە) کردەوە. پێویستە دادگای ماف مرۆڤی ئەوروپا بۆ ئەمە وەکو پاڵپشتێک بەکاربهێنرێت.

ئەڵمانەکان سەبارەت بەئێمە بەدوای ئاژاوەگێڕیەوە بوون. پێویستە بەم شێوەیە هەڵسەنگێنرێت و بەگوێرەی ئەمە هەڵسوکەوت بکرێت. لەپیلانگێڕی ٩ ی ئۆکتۆبەردا، هاوکاری تورکیا بوون. خواستیان من لەنێو ببەن ئامانجیان ئەوەبوو دووبارە ئێمە لەگەڵ گەلی تورک بدەنەوە شەڕ کردن، ئەمە گەمەی ساڵی ١٩٢٠ ە. ئەڵمانیا لەساڵی ١٨٨٢ عبدالحمید و (ئیتحادی تەرەقی) پێشخست ریشەی مێژووی MHP ش دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە.

ئەڵمانیا پەیوەست بەخۆی و لەژێر کاریگەری خۆیدا نەتەوەپەرستی تورکی پێکهێنا. ئەڵمانەکان زۆر لەمەوبەر لەسەرمیزۆپۆتامیا گەمەیان ئەنجام داوە. لە ٢٠ ـ ٣٠ ساڵی دوایی خواستی لەسەر ئێمە گەمە بکات. ئامانجی لەنێوبردنی من بوو، خواستی ئێمە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بەڵام ئەمە ئەنجامگیر نەبوو بۆیە بەسەر ئێمەدا دێن. دەورووبەرانی دژ بەئێمەی وەکو (کەمال بورقای) بەساڵانە بەخێو دەکات. پیلانگێڕییەکان لەسەر ئێمە بەردەوامن. لەپیلانگێڕیشدا ڕۆڵی ئەڵمانیا ئەوە بوو ئێمە نەگەوینە ئەوروپا. بۆ وەرگرتنی ئێمە ئەوروپای داخست، من ناڵێم لەدژی ئەڵمانیا شەڕ بکەن. لەوێ خەباتی خۆیان بکەن. ئەو پیلانگێڕیانە دەبینن، پوچەڵی بکەنەوە.

پەیوەست بەگۆڕینی سزای لەسێدارەدان بۆ زیندانی هەتا هەتایی (مۆبد) ئەمە دەڵێم. لەسێدارەدان کە لەسەردەمی گلگامێشەوە قەدەری کوردانە، بەو بڕیارە کۆتایی پێهات. ئێستا زیندانی هەتا دوایی زیندانی هەتا هەتاییە بۆ کوردان. ئازادی من بەئازادی گەلی کوردەوە گرێدراوە، بەوان بڵێن ئەگەر ئازاد بێت، ئەوا بەیەکەوە ئازاد دەبین، بەیەکەوە دەگەینە یەکێتی ئازاد.

# کاروانی ڤەبوونی دیموکراسی بۆ چی؟

گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراسییانە بۆتە چارەنووسی ئەم ناوچەیە، لەهەمانکاتدا بۆتە پێوانەی پێشکەوتن و بەهێز بوون و چارەسەری. دیموکراسییەت تاکە ڕێگای چارەسەری تەواوی ئەو کێشە کەڵەکەبووانەیە کە بەدرێژایی ساڵەهای ساڵە هەناوی ئەم کۆمەڵگایە دەخوات و توانای ژیانێکی ئاسایشی نەهێشتووە. سیستەم و زهنییەتێك کە ئەمڕۆ باڵادەستە، توانای ئافراندنی لەدەستداوە و تاك و کۆمەڵگای بێ ئیرادە کردووە، بەرەو هەرلایەك کە دەیەوێت پەلیهاوێژێت تووشی بنبەست بوون و بێچارەیی دەبێت، بەپێداگری لەسەر هەبوونی خۆی کێشەکان قووڵتر و فراوانتر دەکات، پێوانە و داب و نەریتەکانی ئەو سیستەمە و ئەو هێزانە جیدی ناتوانن بەردەوامی بەخۆیان بدەن.

سیستەمی ئەمڕۆی ئیراق کە زادەی سیاسەتی سەدەی ڕابردووە و لەژێر کاریگەری نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیزمیدا، گەیشتە بڵندترین ئاستی خۆی. لەسەربنەمای سیستەمێکی میلیتاریستی و دیکتاتۆری، بەردەوام بەشێوازی داپڵۆساندن و سەرکوتکردن، مامەڵەی لەگەڵ کێشە سیاسی، نەتەوەیی، ئاینی و کۆمەڵایەتی و ...هتدکاندا دەکرد، سیمای کۆمەڵگای بەتەواوی گۆڕی و تاك و کۆمەڵگایەکی بێ ئیرادە و پەرتەوازەی بەرهەم هێنا، کە لەتوانایدا نەبێ گۆڕانکاری و پێشکەوتن ئەنجام بدات و بەشێوەیەکی سروشتیانە ئاراستەیەکی ڕاست بگرێت. ئەو سیستەمە خواستی دوور لەپێوانەکانی سەردەم مامەڵە لەگەڵ داخوازی و پێداویستییەکانی گەلان بکات. هەر بۆیە هەرگیز نەیتوانی لەگەڵ گەلانی ئیراقدا ببێتە یەك، هەمیشە گەل و سیستەم لەنێو ناکۆکیدا مانەوە، ئەم ناکۆکیانەش لەکات و دەرفەتی گونجاودا دەتەقینەوە. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی دینامیکییەتی کۆمەڵگا پەرتەوازە ببێت و ڕەوشی نائارامی و توندوتیژی لەڕۆژهەڵتی ئیراقدا بمێنێتەوە. بێگومان زهنییەتی سیستەمی میلیتاریستی ـ شۆڤێنیزمی سەردەست تەنیا بەڕەوشی ناوخۆیی ئیراق سنووردار نەدەبوو، بەڵکو دەبووە هۆی ئاڵۆزی و نائارامی و هەڕەشەی لەگەلانی ناوچەکەش دەکرد، بەرپاکردنی دوو شەڕی هەرێمی گەورە لەماوەیەکی کورتخایەندا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. ئەمەش زەمینەی دەستێوەردانی دەرەکی بەهێزتر کرد. ئەم سیستەمە کە باوەڕی بەئیرادەی گەلان و چارەسەرییەکی ڕاست نەبوو، هەمیشە نکۆڵی لەڕاستینەی گەلان دەکرد. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاراکتەر و زهنییەتی سیستەم، کە لەدیموکراسییەت و ئازادی و یەکسانی داماڵرابوو، بۆیە ڕۆژبەڕۆژ پێداگری لەسەر ڕابردوو و زهنییەتی کۆن دەکرد، ئەمەش ڕژێمێکی دۆگما و بێچارەی هێنایە ئاراوە، کە ئیدی دەرفەتی بەردەوامکردنی نەماوە و مەحکومی بەلاوەنان بووە.

بێگومان ڕەوشی هەنەیی تەنیا بەسیستەمەوە گرێدراو نییە، هەروەها هێزی باڵادەستی کوردیش کە لەژێر چەمکی نەتەوەپەرستی سەرەتایی دابوو، فاکتەری دووەمی خوڵقاندنی ڕەوشی بێچارەیی و ئاڵۆزی و نائارامی بوو. هەرچەندە گەلێك هێزی دیکەش بەناو و ئامانجی جۆراوجۆر خەباتیان کردبێت، بەڵام لەژێر کاریگەری هەمان ئەقڵییەت نەیانتوانیوە خۆیان ڕزگار بکەن. ئەمەش ڕێگای لەبەردەم بەهەڵواسراوەیی مانەوە و قووڵتر کردنەوەی کێشەکان و وابەستەیی کردۆتەوە. لەماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕاستییە سەلمێنرا. ئەو هێزانە نەك نەیانتوانی ئەو زەمینەیەی هاتبووە ئاراوە بیکەنە گۆڕەپانێك بۆ چارەسەری کێشەکان و بەرجەستەکردنی ئیرادە و دینامیکییەتی گەل و چوون بەرەو دەسەڵاتێکی گەلەری، بەڵکو کردیان بەگۆڕەپانی شەڕی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دوژمنانی گەل. کولتوور و دابونەریتی پاشەڕۆ کە لەلایەن ئەم هێزانەوە سەپێنراون دەرفەتی ژیانی ئاسایشی لەکوردستاندا نەهێشت و، وایکرد ئەو وڵاتەی کە گەل بەهەزاران ساڵە خەونی پێوە دەبینێ و گیانی خۆی لەپێناویدا بەخت دەکرد، بەجێی بهێڵێ. بەمەڕەنگە بەخوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی وەها داڕوخاو، ئیرادە و باوەڕی گەلیان تێکشکاند. لەبەر ئەوە گەلانی ئیراق بەگشتی کە پێ دەنێنە ئەم قۆناخە، بەگەلێك کێشەی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئاینی و ... هتد، ڕووبەڕوون. ئەم کێشانەش کە هەناسەی لەبەر کۆمەڵگا بڕیوە، گەیشتوونەتە ئاستێك کە ئیدی بەردەوامبوونیان بەواتای لەناوچوونە. هۆی هاتنەدی بارودۆخێکی وەهای ژیانیش، ئەم هێزانەن. کەوابوو حوکمی مێژوو وەدەکات هەموو ئەو هێزانەی توانای چارەسەری و ئافراندنیان نەماوە بەلاوە بنرێن. لەسەر ئەم بنەمایەش وەرچەرخان و گۆڕانکاری دیموکراسیانە دەبێتە پێداویستی گەلانی ئیراق، کە تێیدا ڕێگا لەبەردەم گرێکوێرە نەتەوەیی، ئاینی، کۆمەڵایەتی و ... هتدکان دەکرێتەوە، هەموو گەلان دەتوانن ناسنامەی خۆیان دیاری بکەن. ئیرادەی تاك و کۆمەڵ دەردەکەوێتە مەیدان. ئاییندەش بەگوێرەی داخوازی خۆیان دەنەخشێنن، هەر بۆیە ئەم ئەرکەش بەشێوەی هەڵمەت و قەڵەمبازێکی دیموکراسییانە بەدیدێت کە کۆتایی بەنەتەوەپەرستی سەرەتایی و شۆڤێنیزمی و دیکتاتۆری دەهێنێت و ڕێگا لەبەردەم قۆناخ و ژیانێکی نوێ دەکاتەوە. PÇDK ش بۆ بەلاوەنانی ئەم ڕەوشە و پێشوازی کردن لەقۆناخی نوێ خۆی ئامادە دەکات. هەروەها دەخوازێت بەهەڵمەتێکی بەرفراوان، تێکۆشانی دیموکراسییانەی خۆی پەرە پێبدات و بەگوێرەی پێوانەکانی سەردەم هەڵسوکەوت بکات و چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی گەلانی ئیراق دەکاتە ئامانجی خەباتی خۆی ئەمەش بە ڕێگای کاروانی ڤەبوونی دیموکراسی دەست پێدەکات. ئەم کاروانەش کە تیایدا هێڵی شارستانییەتی دیموکراسییانەی هاوچەرخ بەبنەما دەگیردرێت دەبێتە ڕێنمایەکی بەرفراوان و سەرچاوەیەکی بەهێزی ئایدیۆلۆژی کە لەڕێگەیەوە ئاییندە گەرەنتی دەکات. لەم ڕوانگەیەوە PÇDK بەبانگەشەیەکی مەزن و بەباوەڕی و ئیرادەیەکی بەهێز خۆی کردۆتە خاوەن بڕیارێکی بەم شێوەیە و تێکۆشانی خۆی لەهەموو بوارەکاندا لەسەربنەمای کاروانی ڤەبوونی دیموکراسی دەست پێدەکات.

**ئاسۆ**

# هەڵوێستی ئەم دوایەی PDK لەپای چی؟

پارتی دیموکراتی کوردستان PDK تا ئەم دوایە وەڵامی داخوازی بەفەرمی بوونی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان PÇDK ی نەبەنەری نەبەنەری نەدابۆوە و بێ دەنگی لێ کردبوو، بەڵام لەم دوایەدا کەوتە نێو هەڵوێستێکی دژ و هەڵسا بەدەستگیرکردنی دۆستانی PÇDK و لەئەوروپاش کەوتە نێو هەڵمەتێکی پروپاگەندەی چەواشەکارانە و بێ بنچینە. لێرەدا ئێمە نامانەوێت سەبارەت بەماق بەفەرمی بوونی PÇDK هەڵوەستە بکەین، چونکە لای هەموان ئاشکرایە کە هیچ بروبیانوێەک پاساوی ڕێگرتن لەبەفەرمی بوونی PÇDK ناداتەوە و هەموو بروبیانووەکانیان هیچ بنەمایەکی یاسایی و حقوقی نییە.

ئەوەی دەمانەوێت لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین هەندێک لەو هۆکارانەن کە بوونەتە مایەی هەڵوێست و سیاسەتی ئەم دوایەی PDK. لەبەرامبەر PÇDK . لەڕاستیدا هۆکاری بنچینەیی ئەوەیە کە PDK خاوەنی کارەکتەرێکی وشک و دواکەوتووی سەدەکانی ناوەڕاستە. زۆر دوورە لەسەردەمەکەمان کە فرە دەنگی و فرە ڕەنگی و دیموکراسی و ئاشتی وەکو پرەنسیپی بنچینەیی دەسەپێنێت. بۆیە PDK ناتوانێت لەگەڵ هیچ هێزێکی تری کوردی خاوەن ئیرادە و دیموکراتیخواز، هەڵبکات و لەگەڵیا بژیت. لەو کەش و هەوایەی کە ئەمڕۆ بۆ دروستبوونی دەسەڵاتێکی کوردی ڕەخساوە، ئەو دەسەڵاتە بەتەنها بۆ خۆی ڕەوا دەبینێ و پاوانی کردووە. ئەگەر جارجار لەگەڵ هێزەکانی تری باشووری کوردستانیش ڕێکەوتبێ ئەوا یا لەژێر گوشاری هێزە دەرەکییەکاندا بووە، یا بەرژەوەندی حزبایەتی و بنەماڵەیی وای خواستوە، پاشان ئەو هێزانەی کە لەگۆڕەپانەکەدا هەبوونە ملکەچی بوونە و کوتی یەکەم و دوایان بۆ ئەو هێشتۆتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین PDK هیچ کاتێک لەنێو هەڵوێست و سیاسەتێکی وەهادا نەبووە کە بەڕاستی لەگەڵ گیانی سەردەم و پرەنسیپەکانی دیموکراسی بگونجێ و لەهەمان کاتیشدا بکەوێتە خزمەت بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی. ئەمڕۆش بەهەمان شێوە کاتێک PÇDK بەئامانجی ئەوەی هەرچی زوترە کێشەکان چارەسەر بکرێن و هێزی کوردی بگەنە هاوپەیمانێتییەک و گەل ببێتە خاوەنی هێز و ئیرادەی خۆیی و ئاشتی و دیموکراسی بەرقەرار بێت، لەنێو هەوڵ و کۆششی جدیایە و پەرە بەخەباتی دەدات. PDK ئەوەی بۆ هەرس ناکرێت کە هێزێکی پێشکەوتووخواز و خاوەن ئیرادە لەگۆڕەپانەکەدا هەبێت و پێشبکەوێت و ناوێتەی گەل بێت، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە PÇDK دەستی بەهەڵمەتی کاروانی قەبوونی دیموکراسیانە کردووە، وەکو مەترسییەک بۆ سەربەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆی دەبینێ.

بۆیە لەم دوایەدا لەبەرامبەر ئەو پێشکەوتنانەی کە PÇDK لەمیانی تەفلی کردنی گەل بۆ ڕیزەکانی کار و خەبات و ڕێکخستنی جەماوەر و هەنگاوی سیاسی بەرچاوی بەدەست هێناوە، PDK هەڵوێستێکی بەم شێوەیە کە لەڕاستیدا پەردە لادانە لەسەر رووی نادیموکراسیانەی خۆی وەکو تاکە ڕێگای خۆپاراستن دەبینێ. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم هەڵوێستەی PDK هەڵمەتی پاراستنی پاشڤەڕۆیی یە لەبەرامبەر هەڵمەتی پێشکەوتوخوازانە و دیموکراتیخوازانەی PÇDK.

لەلایەکی تریش ڕێکەوتنی ئەم دوایە لەگەڵ YNK . لەسەربنەمای پەیمان نامەی واشنتۆن کە یەکێک لەمەرج و بەندەکانی ئەم پەیمانە ئەوەیە ئاستەنگی بنێنەوە لەبەردەم پێشکەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی بەتایبەتی لەباشووری کوردستاندا. هەروەها چوونی ئەم دوایەی نێچیروان بارزانی بۆ تورکیا و پێشخستنی پەیوەندییەکان و گوێڕایەڵی کردنی داواکارییەکانی تورکیا، لەو هۆکارانەن کە هەستی پاشڤەڕۆیی و دژە دیموکراسی PDK یان زیاتر بزواندوە و چالاک تر کردووە. بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم هەڵوێستەی PDK ڕێگا لەبەر دەرەنجامی مەترسیدار دەکاتەوە و خۆشکردنی ئاگری شەری نێوخۆیی و دژایەتی کردنی یەکێتی هێزی کوردی و هاوپەیمانێتی نەتەوەییە، ئەمەش بەرژەوەندییەکانی گەل و ئەزموونی ئەمڕۆمان دووچاری کەوتن و لەبارچوون دەکات. بۆیە هەرچی زووترە، پێویستە PDK دەست لەم هەڵوێستە هەڵبگرێت و بکەوێتە نێو هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ و هاوچەرخانە.

## ئامادەکارییەکانی دەستێوەردانی عێراق
## [illegible]

هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ تەواو کردنی ئامادەکارییەکان لەپێناو ڕوخاندنی ڕژێمی ئێراق، بەبڕیاری نوێی ئەنجومەنی پاراستنی نەتەوەیەکگرتووەکان کەوتووەتە قۆناغێکی نوێ. ئەمە لەکاتێکدایە کە پارتی کۆماریخواز لەهەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا و توانی زۆربەی کورسییەکانی کۆنگرێس قازانج بکات و پشتیوانی ڕای گشتی گەلانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەپرۆگرام و بەرنامەکانی بەدەست بهێنێ، کە ئەتوانێ بۆ دەوڵەتی بوش ببێتە پاڵپشتێک بۆ هێرشی چەکداری لەدژی ئێراق. دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی ئەمریکاش بەشێوەیەکی هەمەلایەنە پڕوپاگەندە و شەری دەروونی لەدژی ئەم ڕژێمە پەرە پێداوە و گوڕ دەدەن بەکارەکانیان.

ئەگەرچی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و دراوسێکانی ئێراق بەتایبەتی دژی هەر هێرشێکن و بەترسەوە سەیری داهاتوو و ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی دوای هەڵوەشانی ئەو ڕژێمە ئەکەن، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و دیپلۆماسی ئەمریکا هەنگاوبەهەنگاو ئاستەنگییەکان لەسەر ڕێگای خۆی بەلاوە ئەنێ. سەقامگیر بوونی ژمارەیەکی زۆر لەنارتەشی ئەمریکا و بەریتانیا لەوڵاتانی عەرەبی وەک کوێت و قەتەر و بەحرەین سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن، کە گلۆپی سەوز لەلایەن ئەم وڵاتانەوە بۆ ئەمریکا هەڵکراوە. لەلایەکی دیکەوە لەتورکیا هەڵبژاردنی پێش وەخت پێکهات، لەئەنجامدا ئەو پارتە دەسەڵاتدارانەی کە ئاستەنگی جدی بوون بۆ ئەمریکا، ستاتۆی سیاسی خۆیان لەدەستدا و پارتی داد و گەشەپێدان کە شیمانە ئەکرێ تێکەڵییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەمریکادا هەبێ، جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست. هەربۆیە وادیارە تورکیا دەنگی ئەرێنی دەدات بۆ هێرشێکی سەربازی، بەمەرجێ بەرژەوەندییە ئابووری وسیاسییەکانی لەبەر چاو بگیردرێت.

هەرچی ئێران و سوریاش نارازی بوونی خۆیان لەم بارەیەوە دیار کردووە، بەڵام بێگومان ناتوانن دەورێکی کاریگەر بگێڕن. لەئاستی نێونەتەوەیش ڕوسیا و ئەوروپا ئیدی هەوڵی ئەوە ئەدەن لەسیستەمی داهاتووی ئێراقدا هیچ نەبێ هەندێک لەبەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بپارێزن.

وەکو ئاماژەمان پێکرد بڕیاری نوێی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیدی کێشەی ئێراق یەکلا دەکاتەوە. ڕژێمی بەغداد یان ئەوەتا ملکەچی داخوازییە نێو نەتەوەییەکان ئەبێ یان ڕووبەڕووی هێرشێکی توندی عەسکەری دەبێتەوە و لەسەر لاپەڕەی مێژوو ئەسڕدرێتەوە.

لەکاتێکی وەها هەستیاردا گەلی کورد وەکو لایەنێکی سەرەکی پەیوەندیدار، پێویستە لەهەموو بوارەکاندا ئامادەکاری خۆی تەواو بکات و بەیەک خستنەوەی ڕیزەکانی و یەکێتی هەموو هێزە سیاسیەکان زۆرترین کەڵک وەربگری لەو دەرفەتەی کە لەهەلومەرجی داهاتوودا و دوای گۆڕینی ڕژێمی ئێراق دەخولقێ. تەبایی و هاودەنگی و ئامادەکارییەکانی کوردان لەچ ئاستێکدا بێ ئەوا بێگومان هەر بەو ئەندازەیەش ئەتوانێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسەت ڕۆڵ ببینێ و لەپاراستنی قازانج و بەرژەوەندی خۆی سەرکەوتن مسۆگەر بکات. بەڵام هەتاکو ڕەوشی هێزە سیاسیەکانی باشووری کوردستان بەتایبەت PDK و YNK لەم ئاستەدا بێ و بەلۆژیکێکی تەنگ و کلاسیکیانە نزیکی کێشە و ڕووداوەکان بن، ئەوا ناتوانن ببنە وەڵامدەرەوەی قۆناغ و بەرژەوەندی گەلی کوردیش بپارێزن.

# بەشداربوونی لاوان و هەڵکشانیان بەرەو چیاکان، دەبێتە گەرەنتی پاراستنی گەل و سەرۆک ئاپۆ

یەکێک لەکێشە هەرە هەستیارەکانی تورکیا و کوردان، مەسەلەی سەرۆک ئاپۆیە، پەرلەمانی تورکیا لە٢ـ٣ی ئابدا هەندێ بڕیاری وەرگرت، یەکێک لەو بڕیارانەش لابردنی سزای لەسێدارەدانە لەسەر سەرۆک ئاپۆ، هەروەها خوێندن بەزمانی دایک و مەسەلەی راگەیاندن بوو. بەڵام ئەگەر سەیری هەڵوێستی تورکیا بکەین، دەبینین لەرووی پراکتیکیدا جیاوازە و ئەو بڕیارانە ناخرێنە واری کردارییەوە. لەم دواییەدا هەڵوێست لەبەرامبەر سەرۆک ئاپۆ چەوت تر بوو. پێش ئێستا ئەو هەڵوێست دەرکەوتنە روو، یەکەمیان کە هێزی نەتەوەپەرستی بوو، دەیانگوت، دەبێ سزای لەسێدارەدان جێبەجێ بکرێ. دووهەمیان دەیانگوت ئەگەر سزای لەسێدارەدان جێبەجێ بکرێ، رەوشی تورکیا ئاڵۆز دەبێت و کوردان دەست بەسەرهەڵدان دەکەن. ئەو ١٦ ساڵەی شەڕ تورکیای رووبەڕووی گەلێک کێشەی گەورە کرد، بۆیە جارێکی تر ناتوانێ بەرگەی کێشەیەکی بەمەرەنگە بگرێت، لەبەر ئەوەش پێویستە رێگا بۆ شەڕێکی تر نەگرێتەوە و سزای لەسێدارەدان جێبەجێ نەکرێ و بۆ ئەمەش دەیانگوت، رەوشی سەرۆک ئاپۆ خراپتر بکەین. ئەویش وەکو "مردوویەکی زیندوو"، واتا هێدی هێدی بیکوژین. بێگومان ئەم هەڵوێستە پیلانگێڕ و چەپەڵە لەسێدارەدان گرانتر و مەترسیدارترە. ئەمەش دەتوانین واتای کوشتنی سەرۆک بەهێشتن جاوی [illegible] بەڵام بەرەنگێکی جیاوازتر.

بێگومان هەڵوێستێکی بەمەرەنگە هیچ شەرعییەتێکی یاسایی نییە و گەلی کوردیش هەرگیز ئەو رەوشە پەسند ناکات. چونکە ئەو سیاسەتە گەمارە کە هیچ بنەمایەکی سیاسی و ئەخلاقی نییە. هەروەها هەرەشەیەکیشە لەسەر تەواوی گەلان. ئەم سیاسەتەی تورکیا لەسزای لەسێدارەدان کەمتر نییە. ئەم هەڵوێستە بۆ گەلی ئێمە وەك ئەشکەنجەی رۆژانە دەبینرێ. ئەمەش ئەخشە و پیلانێکە کە رۆژانە بەرێوە دەچێت. پێش ئێستاش بزوتنەوەی ئازادیخوازی و گەلی کورد بەئاشکرا، بەتورکیا و رای گشتییان راگەیاند، کە ئەو سیاسەتە و هەڵوێستەی لەسەر سەرۆک ئاپۆ بەرێوە بچێت چارەنووسی شەڕ و ئاشتی دیاری دەکات. ئەم هەڵوێستەی دوایی تورکیاش کە بەرێوەی دەبات هیچ کاتێك لەخزمەتی ئاشتیدا نابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەخزمەتی شەڕ دایە.

هەربۆیە هەڵوێستێکی وەها یاری کردنە بەئاگر، ئەو سیاسەتە گەلی کورد زیاتر هەستیار دەکات. گەلی کوردیش لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستە بێدەنگ نامێنێ. چونکە چارەنووس و ئاییندەی کوردان بەکەسایەتی سەرۆک ئاپۆ گرێدراوە و گەلیش ئاوێتەی سەرۆکایەتی بووە، تا دوایە بەئامانج و رێبازی سەرۆک ئاپۆ گرێدراوە، ئازادی و ژیانی خۆی بەکەسایەتی سەرۆک ئاپۆ گەرەنتی دەکات.

هەرچەندە لەهەڵبژاردنی ئەم دواییەدا سیستەم و هێزی کۆن پاکتاو بوون، بەڵام بۆ ئەوەی تورکیا نەکەوێتە سەر رێگایەکی راست، هێشتا هەوڵدان و پیلانگێڕی لەسەر کوردان بەردەوامە. هەر وەکو دەزانرێ بۆ ئەوەی ئیرادەی گەلی کورد نەکەوێتە پەرلەمان، هەموو جۆرە ساختەکارییەك بەرێوە برا. نەیانهێشت گەل بەتەواوی دەنگی خۆیان بدەن، زیاتر لە١٠٠ هەزار کەس نەیانتوانی دەنگی خۆیان بدەن. ئەو دەنگانەی کە دراتیش ئەوەی زیاتری سوتێنران، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی باش بکرێ ئەم راستییە دەردەکەوێتە مەیدان. DEHAP ٪١٢ دەنگی بەدەستهێنا، بەڵام ئێوەیان پەسند نەکرد، ئەگەر ئەم راستییانە بهێنینە پێش چاو ئەوا دەبینین تورکیا نایەوێ بۆ ئاشتی هەنگاو بهاوێژێ. بەڵکو ئەمە سیاسەتێکە کە پێچاڕاوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.

تورکیا تاوەکو ئەمڕۆ بەدوو شێوە سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن بەرێوە دەبات، سەرەتا دەیگوت: "کورد نییە و مافیشی نییە". ئەمڕۆش دەڵێت: "کورد هەیە، بەڵام ماف نییە". ئەگەر بڕیاریش وەربگرێ، ئەوا نایخەمە واری کرداری. هەربۆیە ئەمڕۆ لەبەرامبەر سەرۆک ئاپۆ و گەلی کورد سیاسەتێکی بەمەرەنگە بەرێوە دەچێ. گەلی کورد پێویستە لەبەرامبەر ئەمە بێ هەڵوێست نەبێت. هەربۆیە پێشخستنی تێکۆشان و سەرهەڵدانی دیموکراتیك دەبێتە پێداویستی قۆناغ، پێویستە لاوان و ژنان و گەلی کورد لەنێو ئەو سەرهەڵدانەدا بەشێوەیەکی چالاکانە جێگە بگرن، خەباتی حقوقی و چالاکی جۆراوجۆر لەهەموو جیهاندا پەرە پێبدرێ. تاوەکو رووی گەندەڵی ئەو سیاسەتە ئاشکرا ببێت. خاڵی هەرە بنچینەییش ئەوەیە گەنجان بەرەو چیاکان هەڵکشێن، بۆ ئەوەی رێگا نەدەن ئەو سیاسەتە لەسەر سەرۆک ئاپۆ و گەلی کورد بەرێوە بچێ. گەلی کورد دەبێت لەرووی سیاسی، سەربازی، دیپلۆماسی خۆی بەهێزتر بکات و بگاتە سەرهەڵدانێکی نوێی دیموکراسییانە، هەروەها سەرەرای گەڕان بەدوای مافەکانیان، خۆیان بۆ خۆپاراستن ئامادە بکەن. بۆ ئەوەی سەرۆک ئاپۆ و مافی گەل بپارێزێ، هێزی پاراستنی گەل پێویستە بەهێزتر و فراوانتر بکرێ. واتا HPG دەبێتە تاکە زامنی پاراستنی ژیانی سەرۆک ئاپۆ، پێشخستنی تێکۆشانی دیموکراسییانە. بەتایبەت لەم قۆناخەدا کە ئاوچەکە رووبەڕووی دەستێوەردان دەبێتەوە، ئەوا گەلێك هێز دەخوازن، لەم قۆناخەدا پیلانگێڕی لەدژی گەلی کورد ئەنجام بدەن، هەربۆیە هێزی پاراستنی گەل دەبێتە زامنی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلیش. دەبێت گەلی کورد بەتێکۆشان و سەرهەڵدانی دیموکراسییانە رووبەڕووی ئەم قۆناخە ببێتەوە، لەبەرامبەر هەر ئەگەرێك و بێشهاتێکی پێچەوانەش پێویستە خۆی ئامادە بکات. لەبەر ئەوە بەشداربوونی گەنجان و هەڵکشانیان بەرەو چیاکان دەبێتە گەرەنتی پاراستنی گەل و سەرۆک ئاپۆ.



# مێژوو لەرۆژی ئەمرۆماندا شاراوەیە و ئێمەش لەسەرەتای مێژوودا شاراوەین

بەشی شەشەم

پەرتوکی " مێژوو لەرۆژی ئەمرۆماندا شاراوەیە و ئێمەش لەسەرەتای مێژوودا شاراوەیە" یەکێکە لەشاکارەکانی سەرۆک ئاپۆ. دەزگای چاپەمەنی "سەرخوبوون" لەساڵی ١٩٩٧ بەزمانی تورکی بڵاوی کردۆتەوە، ئێمەش هەوڵدەدەین هەر جارەی بەشێکی بۆ خوێنەرانی بەرێز بڵاو بکەینەوە.

چارەسەری

مێژووی هونەر، کۆمەڵگاکان زیاتر رۆڵگێڕ دەکات. ئێوە دەتوانن لەپەرتوکێکدا هەموو شتێکی پەیوەندیدار بەهونەردوە، ببینن. لایەنی زیاتر پێشکەوتووی هونەر ئەوەیە کە بۆ شۆڕش پێویستە و پەیوەستە بەشۆڕشەوە. واتە تا ج رادەیەک لەبەردەم پێشکەوتن کۆسپە یاخود رێگا چاوەڕوانی لەیەکێک ناکرێت کە ببێتە هونەرمەند. کە هێزی کاری هاژۆتنی چەند بزنێک بێت، ناشبێتە هونەرمەند. یاخود کرێکارێک نابێتە خاوەنی هەست و سۆزێکی بەهێز کە شەو و رۆژ لەنێو خوێن و ئارەقەدا کار بکات. لەوانەش هونەرمەند دەرناکەون کە خۆیان مەحکومی بەرهەمێکی سنووردار بکەن. باوەکو گەل بیر لەخۆیان بکەینەوە؛ بەشێوەیەکی بەوراەیە هەرزان خۆی لەپێناو بەدەستخستنی ژیان دەدات، نابێتە

زۆر بەباشی دەزانین کە لەراستینەی کۆمەڵایەتیماندا، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریەکی دواکەوتوو، هاورێیەتی ئاستێکی زۆر دواکەوتووی هونەر دەکات. وێرانکاری و داگیرکەری ئەوەندە فراوانە، ژێرخانی ژیانی ئەوەندە تەسک کردۆتەوە، لەم واتایەدا هەرچۆنێک بێت هونەریشی بەفیڕۆ داوە کە سەرخان پێک دەهێنێت. لای ئێمە دەنگێکی زۆر ناخۆش هەیە. کورد هەندێک گۆرانیشی هەیە. ئارادیەک ئاواز و سەردولکە (لاوک)ی مرۆڤە دواکەوتووەکان ژیان دەکات. لەگۆرەپانەکانی تریش کۆتایی پێهاتووە و لەنێو چووە. کەواتە ئاستی هونەری لەهەمانکاتدا گوزارەیە لەئاستی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا بانگەوازییەکە، ئاسنامەیەکە، دیاردەیەکی

## لەوانە هونەرمەند دەرناکەون کە خۆیان مەحکومی بەرهەمێکی سنووردار بکەن

خۆشکەرە؟ ئەو گۆرانیە کوردیانەی کە لەگەڵ تێپەربوونی کات گوێ بیستی بووم ئادوارەدە کاریگەری دەستنیشانکارانە بوو، مێ کێشایە نێو کێشەی نەتەوەیی کەواتە لێرەدا یەکێک کە زۆر باش گۆرانی دەڵێت مێ کێشاوەتە نێو شۆڕش، هێزێکی ئەوەندە بەکاریگەری هەیە. کاتێک دوای ماوەیەک ئاسەوارە بەهەیبەتەکانی هونەرمان بینی؛ پەیکەر، بەندەکانی هونەر، کانیاوەکان، کاروان سەراکان. کاتێک رۆمانە بەکاریگەرەکانمان خوێندەوە. لەقووڵاییەوە کاریگەری لەسەر ئێمە کرد، تا دەچووش لێکۆڵینەوە و خولقاندنی هەست و سۆزە جوانەکان، وای لێکردین بەدوای ئامانجێک دا رابکەین.

ئاشکرایە کە ئەوەی هەست و سۆزی خۆی پێش نەخات، چەمکەکانیشی پێش ناخات. هەروەکو شوانێک کە تەنها لەنێو سنوورە ئابوورییەکان پەی بەژیان دەبات خاوەنی هۆکاری هونەرێکی بەهێز و ناگاتە چالاکی شۆڕشگێری و چالاکی سیاسی، بۆچی؟ چونکە ئەوەی بۆ ئەو گرنگە بەدەستخستنی شۆربایەک و پارچە نانێکە. ئەمانە بۆ ژیان زۆر پێویستن، بەڵام بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوە. جێ دەکات بابیکات پێویستە هونەرمەندێک دەرخاتە مەیدان. پێویستە زمانی هونەری ئەو ژیانە زەحمەتە بدۆزێتەوە. ئەو ژیانە تاڵەی کوردان بهێنێتە زمان، مۆسیقا و وێنەی ئەو ژیانە تاڵە دروست بکات. تاوەکو ئەمانە بەدی نەیەت ئەوا بەهیچ جۆرێکی تر کۆمەڵگا ناتوانێت خۆی لەو رەوشە رزگار بکات کە لەبواری ماددیدا لەنزمترین ئاستدایە و قەبەیە. لێرەدا هونەر وەکو هۆکارێکی رزگاربوون لەهەلومەرجی ژیانێکی ناهەموار و تەنگەتاوییەکانی دەست پێ دەکات.

ژیانە، دەتوانێ وەکو گیا بژی. بەڵام ئەمە تەنانەت دیاردەی ژیانێکی باش نییە. دەتوانرێت بگوترێت لەئەوروپا لەرووی ئابوورییەوە ژیانێکی باشی بەسەربردووە، یاخود بەناوی هەندێکی تر دەتوانێت ببێتە هونەرمەندێکی باشیش، بەڵام بەو مانایە نایەت کە ئەمانەی لەپێناو راستینەی نەتەوایەتی مرۆڤی کورد کردووە. ئەوەی گرنگە ئایا گوزارە لەبنەمای مێژوو، سروشت، راستینەی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات یا نا، هەروەها پەیوەندی بەمانەوە هەیە یاخود نا؟ ئەگەر وەهابێت دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە بەسەری بردووە. کاردساتێک هەیە، بەڵام لەکێی وەردەگرێت؟ باش ئاسوودە بووە، دەڵێت (هونەرمەندێکی باشم) بەڵام بۆ کێ؟

# هونەر بەواتای رۆحی خوڵقێنەر دێت

پەیوەندی بەکامە مێژوو، کامە بنەما و راستینەی کۆمەڵایەتیەوە هەیە؟ وەکو گیا دەژیت بەڵام دەڵێت (من کوردم) یاخود دەڵێت ( من تورکم). ئەمە هیچ واتایەکی نییە. وەکو کەرێك کاردەکات و بەس. ناسنامە بەم شێوەیە نیشان نادرێت. هەرجۆرێ دیماگۆژیەت، شۆڤێنیزم، لەشوێنی ناسنامە دادەنرێت. بوون بەخاوەنی ناسنامە واتا تێگەیشتن، پەیوەست مانەوە بەراستینەی بەها بنچینەییەکان، تەنها دەکرێ راستینەی ئایدیۆلۆژی، راستینەی سیاسی، راستینەی کۆمەڵایەتی، راستینەی شۆڕشگێڕانە، ببێتە ناسنامە.

کەواتە لەبێناو هەموو ئەمانە هونەر بەواتای بانگەوازی ( ناسنامەی خۆت) (پەیوەندی لەگەڵ راستییەکان ببەستە) دێت.ئەوەی پێچەوانەی ئەمەیە هونەر نییە، دیماگۆژیەتە؛ بەلاڕێ دا چوونە. لەژێر ناوی هونەر پاشەڕۆیەتییە، چەواشەکارییە. هونەر لەکۆمەڵگادا تایبەتمەندێتی بەخشینی رۆح و چالاك کردنی تاکی لەژیاندا هەیە. لەوانەیە لەڕەوشی کەم دەرامەتی، بەکەموکورتی لەهەندێك رووەوە بتوانرێت ژیان بکرێت، بەڵام لەڕەوشی بێ بەش بوون لەرۆح و خاك ژیان نابێت.

هەتا ئەگەر وەکو ئایدیۆلۆژیاش رۆڵی هونەر بخەینەڕوو؛ مرۆڤێك چەندە خۆی بداتە هونەر، ئەوەندە تەمەنی درێژ دەبێتەوە و ئادوارادە خۆی تێروتەسەل دەکات. هەروەها جادوگەرێك، سحربازێك، پیاوێکی زانست، پیاوێکی ئایینی، چەندە خۆی بداتە هونەر، ئەوەندە خۆی تێر دەکات و سەردەکەوێت. سیاسەت هەتا ئەنانەت زانستیش پەیوەندی بەهونەرەوە هەیە. تەنانەت بۆ ئەمانە پێویستیشن. کەسێك چەندە خۆی بداتە ئەمانە، ئەوەندە بەکاریگەر و سەرکەوتوو دەبێت.

هونەر بەواتای رۆحی خوڵقێنەر دێت.

کاتێك کۆمەڵگاکان لەرۆح دادەبڕێنرێن، بەو واتایە دێت کە لەرۆح و ناسنامە دابڕێنراون. هەرچی لەدواوەش دەمێنێتەوە کۆمەڵێکی بەرەڵڵان ئێستا ئەوەی کە ماوەتەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، هونەر، هەروەها بالێکی ئەو ئەدەبیاتە. هەوڵ دەدەین پەیوەندی لەنێوانیان دروست بکەین. هەتا عەسکەری هونەریکە. هیچ گومانی تێدا نییە کە تایبەتی پەیوەندی جەری بەزانستەوە هەیە، بەهەمان شێوە پەیوەندی بەسیاسەتیشەوە هەیە، بەڵام لەسیاسەتدا گرانی لایەنی هونەری زیاترە.

پێویستە بزانرێت داگیرکەری لەگۆڕەپانی ئەدەبیاتدا قەتل و عامێکی گەورەی پێك هێناوە. بەهاکانی گۆڕەپانی ئەدەبیش داگیرکراون. هەتا لەکوردستاندا هەر جۆرە، کەرەستەیەك کە بتوانرێت بۆ ئەدەبیات بەکار بهێنرێت، بەتێبەراندنی بەپاڵاوتەی داگیرکەری وەکو چەکێکی دژ بەکار دەهێنرێت.

هەروەها ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبی تورکیش بکەین، ئەوا ئێمە لەڕەوشێکداین کە وەکو کەرەستەیەکی چڕ بەکاری بهێنین. ئەم رەوشە لەمۆسیقاشدا بەم شێوەیە بەتایبەت ئەوەی لەشیعر و رۆماندا کە بەردی بناخەی ئەدەبیاتن، بەکار دەهێنرێت، مسۆگەر هەمووی کەرەستەی کوردانن. بەڵام مۆری تورکی لێدراوە و لەشێوەی تورکیدان.

لەبنچینەدا راستینەی کوردان، راستییەکە کە گونجاوە بۆ ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی ئەگەر ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی پێك بێت؛ ئەوا دەبێتە هێزێکی مەزن لەبەرامبەر داگیرکەری.

داگیرکەر بۆ ئەوەی پێش لەمە بگرێت. نرخ و بەهاکانی گەلی کوردستان کە راستینەی کۆمەڵایەتی وەهان مسۆگەر بۆ شۆڕش پێویستین، دەیگرێت و چەواشەیان دەکات. لەبێناو ئەمە هەندێکیان هان دەدات، بۆ هەندێکیان تواناکاری پێش کەش دەکات، هەندێکیان دەترسێنێ و فڕێیان دەداتە بەندیخانە و لەئەنجامدا بەخۆیەوە گرێدەدات. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا، سەیرکردنی بەهاکانی گەلی کورد بەشێوەیەکی بچووك دەهێنێت. لەڕێگای هاندانەوە زیاتر بۆگەنی دەکات.

لەئەنجامدا جەماوەرێکی بەرفراوانی ئەدەبیات کە توێنراوەتەوە (ئاسمیلە) کراوە، وەکو سوپایەکی داگیرکەر لەبەرامبەر بەها نەتەوەییەکانی خۆی دەیخاتە شەڕەوە. سەیر بکەن هەموو گۆرانییەکان بەڕادەیەکی زۆر پشت بەراستینەی کوردان دەبەستێ. بەڵام ئێستا وەکو کۆنترا لەبەرامبەر دیاردەی کوردایەتی بەشەڕیان دەهێنن، کاتێك گۆرانیبێژە هەڵبژاردەکان دێنینە بەرچاوی خۆمان؛ باشتر دەرك بەو رەوشە دەکەین. ئەمە لەئەمریکاشدا بەم شێوەیە. لەنێو ئەوانەی کە لەچەند وڵاتێکدا توێنراونەتەوە و داگیرکراون، کەمینەن. ئەوانەی دەتوێنرێنەوە لەجیاتی ئەوەی بەدەرد، کێشەکان خەریك بن، لەبەرامبەر راستینەی چەوساوەکانی گەلی خۆیان، وەکو چەکێك بەکاریان دەهێنن. ئەمە لەراستینەی کوردستانیشدا زۆر بەئاشکرا پەرەی پێدراوە. لەکاتێکدا دوژمن لەلایەك بەعەسکەر، سوپا، پۆلیس و جەندرمە، شەڕ دەکات، لەلایەکی تریش لەڕێگای کۆنتراکانی ئەدەبیاتەوە لەڕێگای ئەو گۆڕەپانەوە کوردستان بۆردومان دەکات.

بەراستی ئەمە بەئێش و ئازارە سەرەڕای ئەوانەی لەنێو گەلی خۆیان دەرکەوتوونە و خۆشیان بەنەتەوەپەرست لەقەڵەم دەدەن بەڵام بەشێوەیەکی گران رێگایان لەبەردەم ناسنامەیەکی خراپ کردۆتەوە، ئەمەش لەجیبەنایەت مەترسیدارترە.

**لەکاتێکدا دوژمن بەعەسکەر،سوپا و جەندەرمە شەڕدەکات، لەلایەکی تریش لەڕێگای کۆنتراکانی ئەدەبیاتەوە،لەڕێگای ئەو گۆڕەپانەوە کوردستان بۆردومان دەکات**

# ژن و ڕووناکبیری

ئامانج ـ ڕێدا

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا یەکێك لەکێشە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگا کێشەی ژنە، هەروەها بۆتە پێوانەیەك بۆ ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان. گەلێك سیستەم و دەسەڵات ئەم بابەتەیان گرتۆتە دەست بەڵام نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ڕاست هەڵوێستەی لەسەر بکەن. لەوەش زیاتر ئەم ڕەگەزەیان خستۆتە خزمەت بەرژەوەندی سیستەم و جەمکی باوکسالاری. لەبەر ئەوەش کۆمەڵگا هەمیشە ڕووبەڕووی قەیرانی کۆمەڵایەتی و، سیاسی بۆتەوە، بە بەلاوەنانی ژن و زەوت کردنی مافەکانی نەوەستاون، بەڵکو هەمیشە هەوڵیان داوە بەشێوەیەکی خراپ و دوور لەڕاستینەی ژن سیمایەکی شێواوی بدەنێ.

بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا ژن لەبواری هزری و ڕووناکبیری زەبری کوشندەی لێ دراوە، لەڕاستیدا سیستەمی باڵادەستی پیاو بەم زەبرە ڕێگای لەبەردەم گەلێك کێشە کردەوە و کۆمەڵگاشی لاواز و ئیفلیج کرد، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمایەکی چەواشە ئاراستەی وەرگرت، بێگومان لاواز کردنی ژن کۆمەڵگاش لاواز دەکات و لەنێو قەیرانێکی بەردەوامدا دەبێت. هەربۆیە ئاستی کۆمەڵایەتی و بەکۆمەڵگابوون بەندە بەئاستی بەشداربوونی ژن وەك ڕەگەزێك کە خاوەن ناسنامە و ئیرادەی خۆی بێت، بۆ ئەوەی ژنانیش ئەم ئاستە بەدەست بێنن، پێویستە سەرەتا ڕاستینەی سیستەم و تەواوی یاسا و ڕێساکانی باوکسالاری بناسن و ئەو ڕەوشەی کە بۆ ژنان خوڵقاندوویانە ببینن و لەبەرامبەر ئەو چەمك و لۆژیکە چەواشەکارانە تێکۆشانێك بەڕێوەبەن، ئەمەش بەندە بەئاستی ڕووناکبیری و هۆشیاری، واتە چەندە ژن بتوانێت تێکۆشانێکی ڕووناکبیری ئەنجام بدات، ئەوەندەش دەتوانێت ڕۆڵگێڕ بێت، لەبەلاوەنانی تەواوی دابونەریتی پاشڤەرو، لێرەدا ڕادەی ڕووناکبیری و هۆشیاری ژنان دەبێتە ناسنامەی کۆمەڵگایەکی تۆکمە و پێشکەوتوخواز. لەهەمان کاتدا پێچەوانەکەشی ڕاستە. بەم شێوەیە کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی بۆ بەرقەرار کردنی یاسا و داد و ئاشتی و دیموکراسی پێویستە کێشەی ژن ڕاست هەڵسەنگێنن، کە لەمەشدا بۆ ژن پێویستی ژیانییە و کۆڵەکەی بەڕووناکبیر بوونی ژنە و سەرەتای بەرێکخستن و پێشەنگایەتی کردنیانە بۆ ئەم قۆناغە.



# ژنانی باشوور لەئەوپاخی گەڕان بەدوای ئەویدا

کێشەی ئازادی ژن لەباشووری کوردستاندا یەکێکە لەو کێشە هەرە ستراتیژیانەی کە لەمێژووی دوور و نزیکی تێکۆشانی سەر ئەم خاکەدا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و لەئاستێکی زۆر دواکەوتوودایە، چونکە ئەم کێشەیە هەمیشە یان لەڕوانگەی پێوان و داب و نەریتە عەشایەری و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتی و ئایینیە دواکەوتووەکانەوە گیراوەتە دەست و وەکو چارەنوسێکی ڕەها هەڵوەستەی لەسەرکراوە، یان لەگۆشەنیگای چینی بورژوازی بچوکی بێ بنچینەی کۆمەڵگای کوردستانەوە، تەماشای ئازادی ژن کراوە بەتایبەتی لەم ١١ ساڵەی دوایدا زیاتر پێداگری لێ دەکرێ و دەرئەنجام لەدیماگۆژیەتی ئازادیەکی چەواشە و ڕواڵەتیانە و یاریکردن بەزاراوەکانی ئازادی و دیموکراسی و مافی ژنان و مافی مرۆڤ بەو لاوە هیچ هەنگاوێکی تری بنچینەیی و ژیانی هەڵنەهێنراوە. بێگومان ئەم هەردوو چەمك و نزیك بوونەی کە بەهەڵسەنگاندنی گیروگرفتەکانی ژناندا دەردەکەونەڕوو، سەرچاوەی خۆی لەئەقڵییەتێکەوە دەگرێ کە لەگەڵ سەراوژێر بوونی مێژووی ژندا هاتۆتە ئاراوە و بریتییە لەسیستەمێکی باڵادەست و تاکڕەوێتی پیاوسالاری، ئەم سیستەمە کە بووەتە کولتووری سەرەکی ژیان لەهەر خانەیەکی مێشکی تاك و کۆمەڵدا سەقامگیر بووە، نەك هەر تروسکەیەکی هیواو باوەڕی تێدا نییە بۆ ژنان، بەڵکو وەکو دەیناسوورێك پێنج هەزار ساڵە دەستی ئاوەتە بینەقاقای ژن و تەنیا و تەنیا مردنی بێ ڕەوا دەبینێ. هاوکات یاسای عەشایری و حزبایەتی و پیرۆزی شەرعییەتی ئیسلامیشی کردۆتە دەمامکێك بۆ شاردنەوەی رووی راستینەی، کە بێ دادی و خیانەت و توندوتیژی لەسەرنوسراوە. سەرانی YNK و PDK کە نوێنەرایەتی ئەم سیستەمەی پیاوسالاری دەکەن لەباشووردا هەروەکو چۆن ئەمڕۆ لەبەرامبەر گەلدا رووی ڕاستیان ئاشکرابووە و ناچارن لەهێنش ئیرادەی دیموکراتی گەل دان بەتاوانەکانیاندا بنێن و ڕووی خیانەتی نەتەوەیی و خۆفرۆشییان خاوێن بکەنەوە. ئەوانە بەهەمان شێوە بەرامبەر کوشتن و خۆسوتاندنی لەڕادەبەدەر و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانیش بەرپرسیارن. هەتا دەتوانین بڵێین کە ڕەخنەدانی YNK و PDK بۆ سیاسەتی هەڵەی نەتەوەییان بەرەخنەدانییان دەبێ لەبەرامبەر ژندا. چونکە پیاو لەسەر ئەم خاکە پێش ئەوەی هزری نەتەوەیی لەلایەن بکەوێت و خیانەتی لێ بکات، خیانەتی لەشیری ئەو دایکە کردووە کە بەملیۆنان مرۆڤیان گۆش کردووە.

بۆ لا ١٥

# لاوان و کێشە فکرییەکان

لاوان لەهەموو چین و توێژ و تەمەنێك زیاتر بەدوای ناسنامەی خۆیاندا دەگەڕێن، ناسنامەی مرۆڤیش پابەندی فەلسەفەی ژیانی مرۆڤە.

هەموومان دەزانین لەسەردەمی منداڵیدا مرۆڤ خاوەنی دونیایەکی خاوێن و خەیاڵی فراوانە، بەڵام خاوەنی تێگەیشتنێکی فکری وەها نییە کە ژیانی ئاراستە بکات، لەبەر ئەمە ژیانی منداڵ لەچوارچێوەی خەیاڵدا خولانەوەیە. کاتێك مرۆڤ هێدی هێدی قۆناغی منداڵی تێپەڕ دەکات، دەبێتە خاوەنی حەز و هیواو لەناو خەیاڵە منداڵییەکانیشیدا لەئامانج دەگەڕێت، لەدەوروبەردا ژیان گەلێك جۆری هەیە و هەرکەسێك خاوەنی فەلسەفەیەکی ژیانە، کەسانێك هەن کە بەدرێژایی تەمەنیان ماندوو بوون و لەگەڵ زانست و ژیاندا شەونوخونیان کردووە، لەبەرئەوە خاوەنی فورساییەکی باشن و لەژیانیشدا لەسەر هەموو بابەتێك تێڕوانینی خۆیان هەیە، ئەمە سەرنجی لاوان رادەکێشێ و خۆزگە دەخوازن کە وەکو ئەو بن، لەلایەکی ترەوە کەسانێك دەبینن کە خاوەنی سەرمایەن و لەرێگەی سەرمایەی خۆیانەوە دەوروبەر دەخەنە خزمەتی خۆیانەوە، ژیانیان پڕە لەفێڵ و تەڵەکە، ئەوەی خاوەنی سەرمایە نەبێت بێ نرخ دەیبینن، ئەم هەڵوێستەش کار لەلاوان دەکات و بۆ ژیانێکی وەها هانیان دەدات، بوارێکی تری ژیان پێگەوەنانی خێزانە کە هەم زانست و هۆشیاری، هەم سەرمایە، لەگەڵ ئەوانەشدا یەکتر ناسین و خۆشەویستی پێویستە، ئەمەش لاوان بەشێوەیەکی تر دەوروژێنێ. لەگەڵ ئەمانەشدا لایەنێکی تری ژیان کە ئەمڕۆ لەهەموو کاتێکی تر زیاتر کاریگەرە، ئەویش دامودەزگاکانی راگەیاندنە، ئەم دامودەزگایانە دونیا بۆ مرۆڤ بچوك دەکەنەوە. بەڵام کاتێك هەست و هۆشی مرۆڤ پەروەردەکراو نەبێت، ئەو کاتە بازدان لەئارەزوو هیواکان دروست دەکات، ئەمەش جارێکی تر کاریگەری لەسەر لاوان زیاتر هەیە، ئەمانە هەمووی کاریگەرە دەرەکییەکانن کە ناخی گەنجان دەوروژێنن و هانی زوو گەورەبوون و زەنگین بوون و بەدەسەڵات بوونی دەدەن، بێگومان ئەو زەمینەی کە لەلای گەنجانیش هەیە فاکتەرێکی سەرەکین بۆ وەڵامدانەوەی کاریگەرییە دەرەکییەکان، بۆ نموونە هەموو لاوێك ئارەزوو دەکات زوو زەنگین ببێت، زوو زانا ببێت، زوو ببێتە دەسەڵات و .... هتد، لەگەڵ ئەمانەشدا لاو هەست بەمەزن بوون و توانای خۆی دەکات و هەموو شتێ لەبەردەم خۆیدا بێ دەسەڵات دەزانێ، یاخود هەموو کەسێ نەزان دەبینێ، ئەمانە لەلایەك هێز دەدەنە لاوان، بەڵام لەهەمانکاتدا هۆی لاوازیشیانن، چونکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە باش ئەزموون لەرابردوو وەرنەگرێت و هەندێك جاریش لەخۆبایی ببێت و لەئەنجامدا، ئەنجامی پێویست وەرنەگرێت یان بشیکەوێت لەکارەکانیدا و ئەمەش بێ باوەڕی دەکات و ئەوکاتەش ژیان بێ مانا دەبینێ. بێگومان لەکاتێکی وەهادا ئەو زەیەی لەلاواندا هەیە کە بەدینامیکیەتی کۆمەڵ ئاوزەد دەگرێت بەلارێدا دەڕوات و شیرازەی کۆمەڵ تێك دەچێت.

بۆ ئەوەی لاوان لەژیاندا بتوانن راستەڕێ بگرن و بەشێکی گۆڕان بکەن پێویستە لەگەڕاندا ماندوو نەبن، واتە ئەوەی کە جێی رەخنەیە دەستەمۆی کۆمەڵ بوون بەباشی و خراپیەکانییەوە، هەندێکی تر لێی هەڵدێن و چارەسەری لەهەڵدەران و هەڵهاتندا دەبینن و بەشێکیشی بەبێ خەم دەژی و ژیانێك و دونیایەکی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات، هەندێکیش چاوەڕوانی فریاد رەسێکن کە رزگاریان بکات، هەربۆیە دەبینین لەئەنجامی ئەم فەلسەفە ژیانیەی لاوان، کێشەکان چارەسەر نابن زیاتر دەبن. بۆیە چارەسەری پێویستە ئەوەك راکردن لێی یان تەسلیم بوون یان بەهەند وەرنەگرتنی، چونکە ئەم هەڵوێستانە کە زیاتر لای لاوان دەردەکەوێت کۆمەڵ ئیفلیج دەکات. هۆکارێکی تر بۆ ئەم کێشەیە باروەدۆخی کۆمەڵگا و خێزانە کە جێگەی ژیانی لاوانە، لەکاتێکدا هەموو کەسێك بەقۆناغی لاوێتیدا تێپەڕ دەبێت، دەزانێت ئەو کێشانەی کە لاوان رووبەڕووی دەبنەوە لەبواری ژیانی، دەروونی و فکرییەوە چین، بۆ ئەمەش هەوڵ دەدات کە ئەزموونی خۆی بەبێ گۆڕان بسەپێنی بەسەر ئەو لاوانەی کە نزیکن لێی یان دەستی پێیان دەگات. لەهەمانکاتدا هەر کۆمەڵگایەکیش بەگوێرەی یاسا و رێسا و دەستور، یان پێوانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەیەوێت رێگا لەپێش لادانی لاوان بگرێت. ئەم دوو هەڵوێستەش کە لەلایەنی تاك و کۆمەڵەوە بەرامبەر لاوان دەگرێت سایکۆلۆژیەکی خراپ لەسەر لاوان دروست دەکات. ئەگەر بێتو زەمینەیەکی گونجاو بۆ لاو دروست نەکرێت کە تێ بگات و بەتێگەیشتن راستەڕێ بگرێت، ئەوکاتە سیستەم و کۆمەڵ دەبنە هۆکارێك کە لاوان رۆڵی خۆیان نەبینن.

لەکوردستاندا کاریگەری خراپی پێوانە عەشایری و فیودالی، دەرفەت بە بەشداری وەك یەکی هەر کەس نادەن لەپێشکەوتنی کۆمەڵگادا و لەوەش زیاتر پێوانەی سەدەکانی ناوین لەلایەك بەسەر لاواندا دەسەپێنن، لەلایەکی تر لاوان دەبینن کە دونیایەکی زۆر جیاوازتر لەدەرەوەی ژیانی ئەواندا هەیە و داخراوی سیستەم، ناستەنگە لەگەیشتن بەژیانێکی وەها، بۆ ئەمەش بەتەنها خۆیان دەبیننەوە و دەیانەوێ بەتەنها ئەو سیستەمە تێك بشکێنن و حەز و ئارەزوو ئامانجەکانیان پێك بهێنن، بەقوڵی هەموو لایەنەکانی ژیان و کۆمەڵگا شی ناکەنەوە. بۆیە کە تووشی شکستێك دێن بێ ئومێد دەبن. کێشەی سەرەکی لەکۆمەڵگای ئێمەشدا ئەمەیە، پێویستە کەسایەتی و رێکخراوی دیموکراتخواز تێکۆشان بکەن بۆ تێکشکاندنی پێوانە بەسەرچووەکان و بێ تێکۆشانێکی وەها گۆڕان و پێشکەوتن دروست نابێت. ئەرکی لاوانیشە کە راستی پێوانەکانی فیودالیزم لەکەسایەتی خۆیاندا ببینن و تێکۆشانێك لەبەرامبەری دا بکەن و پاشان بەرامبەر ئەم لایەنەی کۆمەڵیش زۆر بەهۆشیاری تێکۆشانێکی بێ وچان و ماوەدرێژ بکەن و چاوەڕوانی ئەوە نەکەن کە لەماوەیەکی کورتدا پێوانەکان سەروبن بین، لەهەمان کاتدا پێویستە ئەو چەمك و فەلسەفانەی کە مرۆڤ لەکۆمەڵ و راستیەکان دوور دەخاتەوە لەبن ناوی چارەسەریدا وەکو راکردن، تەسلیم بوون بێ خەمی کە خۆی لە (وجودیەت، عەبەسیەت و بێ ئینتمایی) دەبینێتەوە بەتوندی رەت بکرێتەوە. هەروەها بیروبۆچوونە میسالیەکانیش کە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵ بەدوور دەبینن و دونیا بێ مانا دەکەن و مرۆڤ دەکات بەبوونەوەرێکی وەها کە تەنها بۆ دونیای دوایی بژی و ئەمەش جارێکی تر مرۆڤ بەرەو تەسلیم بوون و بێ چارەیی دەبات لەم ژیانەدا و لەئەنجامدا لەگەڵ ئەو چەمك و فەلسەفانەی تر یەکدەگرنەوە، پێویستە پەسند نەکرێن و بەتێکۆشان بێ کاریگەر بکرێن. هەر کاتێك لاوان لەم خەباتانەدا چەمکی راستیان گرتەبەر و پشوو درێژ بوون ئەوا سیستەم و کۆمەڵیش ناچار دەبن ملکەچی راستی لاوان ببن، چونکە لاوان دوا رۆژی کۆمەڵگان.

"هەژار رزگار"

# لەدایك بوونی PKK .. زیندوو کردنەوەی *فروهەرە...

چەم بەبێ دەنگی رێگای هەورازی گرتوە..! خۆر دزراوە.. مانگ ئاشقێکی سەرشێتی خۆرە. رۆژگار لەناو شەوە زەنگا رەنگەکان ئەخنکێنێ. هەر یەکێکیان بۆ لایەك رائەکا، لەناو رەش و سپیا خۆیان ون ئەکەن. پێنووس خاچێکی هەزار ساڵەیە، لەرێگای دوور دەروانێ، چاوەرێی یەکێك ئەکات، خۆی پیا هەڵواسێ. مێژوو خۆی لەخاچ داوە، قەڵەرەش لەسەری دەخوێنێ. گوڵ گەڵاکانی مەلول .. پێش ئەوەی بۆنی دەرکەوێ لەناو ئەم تاریکستانەدا ئەژاکێنرێ. رۆژەکان شەون، شەوەکانیش قەقنەس بوونی روخسارمانن. پەپولە، باڵەکانی بەرەنگی بێ رەنگ ئەنەخشێنێ، بەدەوری مۆمێکی کوژاوەدا سەمای ئەکرد، دەیویست تیشکە زەردەکانی مۆم بێنێتەوە .. شەکەت ئەما لەناو بێچارەییدا گێژ و وڕ ئەبێ، تا لەناو ئەم تاریکاییەدا بەتەواوی ون ئەبێ.

ئەمە تابلۆی ئەهریمەنە بەسەدان ساڵە، دووبارەبوونەوەی کردۆتە چارەنووس، لەم زەمەنەدا چاو لەبرۆ ئەترسا، دەست لەمەچەك، هەنگاو لەئەژنۆ هەموویان لەیەکتری ئەترسان، هەرکەس بەدوای سێبەری خۆیدا رائەکا، ئەمە وڵاتێکی سەر بەرەو ژێرە، ئەمە کاتەکانی نکۆڵی کردنی گەلی کوردە لەناسنامەی خۆی.

لەساتێکی ئەم تابلۆیەدا، ئەهورامەزدا خوداوەندی بروسکە بەرێ دەکا، ئەویش کون بەکونی ئەم درامایە دەگەڕێ، تاکو *سپیتمان بدۆزێتەوە.. لەچرکەیەکدا دیتی.. ئیدی جارێکیتر گوندی *فیس دەکاتەوە بەکێوی *سەبەلان، و بڕیاری گەڕانەوەی فروهەر لەناو PKK لەدایك ئەبێ و ئەدرەوشێتەوە، شەوەزەنگی ئەم رۆژگارە ئەخنکێنێ. چەم بەخورە و هاوار بەرەو سنگی دۆڵ ئەچێ، رەنگ لەژێر باڵی رەش و سپیا هاتنە دەرێ، باڵی پەپولەیان خەملاند. ئەویش، بەدەوری مۆما سەمای ئەبەدی بوونی ئەکرد. گوڵ گەشایەوە لەگەڵ شەونمی سەر گەڵا لەسپێدەیا بۆنی نوێخوازییان

## بابان

بڵاو ئەکرد، رو دەستی لەزکر هەڵگرت رەشایی لێ داماڵرا.. کرنۆش بۆ سپیتمان ئەبا، مێژوو خۆی لەخاچ ئەکاتەوە.. خاچیش بۆتە پێنوسێکی هەرزەکار وابە دەستی فروهەرەوە. ئەمە هەستانەوەیە.. سەرەتای شۆڕشی ژیانەوەیە.

ئەمە تابلۆی ئەهورامەزدایە.. لەدوای گەڕانەوە.. یەزدانی رووناکی و ژیانەوە، داستانی ئەڤین و جوانی، ئەی مەملەکەتی خۆر.. سروشت لەبەر پیرۆزیت سوژدە ئەبا. درەخت لەبەر مەزن بوونت لەترسانا ساڵی چوارجار رەنگ ئەگۆڕێ. کانیاو سەرنج لەجوانی ئاڵتونیت دەدا، ئاشق دەبێ.. ساڵی یەك جار بەم ئەڤینەدا ئەتەقێ، ئەوەی خاوەنی حەزی ساختەیە، هێندێ هێندێ کز دەبێ، هەندێکیشیان بەباوەڕی و گریندان ساڵ دوانزەی مانگ خۆشەویستی بەسروشتدا بڵاو ئەکەن.

لەتابلۆی نوێدا.. خولەك بەخولەك هەموو رووەکانت لە PKK دا گۆکردەوە، شۆڕشی ژیانەوەت بەسەر پردی چینۆتدا پەڕاندەوە. کیژۆلەیەکی جوان پرچەکانی رەنگی تیشك.. چاوەکانی کاڵ و کراوە، ئەویش کچە زایەکی میترا بوو. لەپێشەوە هەنگاوی ئەنا، لەگەڵیدا بەئەندازەی فراوان بوونی دڵت، پردی چینۆت فراوان ئەبوو، تابە تەواوی پەڕیتەوە و فروهەرت لەئەبەدی بووندا کردە دیاری بۆ ئەم سەدەی پڕ لەئەهریمەنە. ئەمڕۆش بەهەزارەها فروهەرت خولقاند... رۆژانە رو لەکێوی سەبەلان ئەکەن... کرنۆش بۆ سپیتمان ئەبەن.

*** فروهەر: ئەو کەسەیە بۆ جاری یەکەم دروست کرا لەقورئاندا بەئادەم باسی دەکرێ.**

*** کێوی سەبەلان: شوێنی بڵاوبوونەوەی دینی زەردەشت.**

*** گوندی فیس: گوندێکی شاری دیاربەکرە و کۆنگرەی یەکەمی PKK تیا بەسترا.**

*** سپیتمان: روسپی ناوی زەردەشت لەئاڤێستا.**

*** پردی چینۆت: پردی پەڕینەوەی رۆح بۆ بەهەشت لەقورئاندا "سیرات المستقیم".**

---

# قۆناخی ئەمڕۆی تورکیا قۆناخی پەڕینەوەیە

ش. وڵات

کۆماری تورکیا لەو هەشتا ساڵەی تەمەنیدا گەلێك قۆناخ و گۆڕانکاری جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە. بەڵام بەگشتی دەتوانرێ بۆ سێ قۆناخی سەرەکی پۆلێن بکرێ؛ قۆناخی دامەزراندن لەسەردەمی دامەزراندنی کۆمار تا سەرەتای پەنجاکان دەگرێتەوە. قۆناخی سیستەمی ئۆلیگارشیانە لەسەرەتای پەنجاکان دەست پێدەکات، تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوام بووە. قۆناخی سێیەمیش لەرۆژگاری ئەمڕۆمان هەوڵدەدرێ هەنگاوی بۆ بهاوێژرێ. تەمەن درێژترین قۆناغ قۆناخی ئۆلیگارشی یە؛ کە تێیدا چەند پارتێکی جیاواز ئاواکران و کۆتایی بەسەردەمی تاکپارتایەتی قۆناخی دامەزراندن هێنا، بەرەو فرەلایەنی قەبوونی ئەنجامدا. ئەم قۆناخە چەندین رووداوو گۆڕانکاری لەگەڵ خۆی هێنا کە مۆری خۆی لەمێژووی تورکیا داوە. سێ کودەتای سەربازی ئاشکرای یەك بەدوای یەك لەساڵانی ۱۹۶۰، ۱۹۷۰، ۱۹۸۰ ئەنجامدران. ئەمەش جگە لەکودەتا شاراوەکان و پاکتاوکاریە ناوخۆییەکان. قۆناخی هەرە دژوار و سەختی کۆمارە، سیستەم لەژێر کۆنترۆڵی توێژێکی سنوردارە و بەگوێرەی خۆی شێوەی پێداوە، بەتایبەتیش ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و سوپا رۆڵێکی یەکلاکەرەوە لەمەدا دەبینن.

بەڵێ دامەزراوی سەربازی بەردەوام خۆی بەپارێزەری سیستەم بینیوە و هەرکاتێك پێویست بووبێ دەستێوەردانی ئەنجامداوە؛ بەرچاوترین نموونەی ئەم بیست ساڵەی دوایش پاکتاوکردنی ئۆزال لە ۱۹۹۳ و هەوڵی ۲۸ ی شوباتی ۱۹۹۸ ی دژ بەپارتی رەفا بوو. لەکاتێکدا دەرفەت و تواناکاری لەئارادا بوو تورکیا لەهەموو بوارێکەوە رابوێ و قەبوون ئەنجامبدات و ببێتە یەکێك لەدەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان و سەرکێش و مۆدێلێکی تایبەت بەرۆژهەڵاتی ناوین؛ بەڵام سیاسەتەکانی ئەم سیستەمە نەك هەر تەنیا ئەم دەرفەتەی بەلاوەنا؛ لەهەمانکاتدا لەهەموو بوارێکدا تورکیای لەنێو قەیران و تەنگژەکان خنکاند؛ داڕوخانی ئەخلاقی، کێشەی جڤاکی هەمەجۆر؛ قوڵبوونەوەی کێشە ئابوورییەکان؛ چارەسەرنەکردنی کێشە سیاسی و نەتەوەییەکان و تەنانەت قوڵبوونەوەیان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و یاسا دژە دیموکراتیەکان، کۆمەڵگای تورکیای گەیاندە خاڵی تەقینەوە، رق و کین و کاردانەوەی بەرامبەر بەسیستەم گەیشتە بەرزترین ئاست؛ ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ۳ ی ئەم مانگەش دەرئەنجامێکی ئەمە بوو.

بۆ لا ۱۵

ب. جەبار قادر

بەشی دووەم

# ئەگەرەکانی بەرقەرارکردنی دیموکراسی لەئێراقی دوای سەدام

فەلسەفەی پەروەردە و بەرنامەکانی فێر کردن کە ساڵانێ درێژە لەئێراق بەبنەما گیراوە و پشت دەبەستێ بە فیکری سەرتاپاگیری (شمولی) و رەتکردنەوەی بەرامبەر، بگرە چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەدەروونی ئەو کەسانەی راهێنراون کۆسپێکی سەختە لەسەر رێی بەرقەرارکردنی سیستەمی دیموکراسی لەئێراقی ئایندەدا، لەبەر ئەوە پێویستە بواری پەروەردەو فێر کردن لەئێراقدا لەڕیزی پێشەوە دابنێن، لەرووی ئەنجامدانی چاکسازی ریشەییانە لەسیستەمی پەروەردە و بەرنامەکانی فێرکردن بۆ چاندنی تۆوی لەخۆبوردوویی و خۆشەویستی لەناخی خوێندکار و لاوان و سڕینەوەی شوێنەواری خراپکارییە کۆمەڵایەتییەکان، شانبەشانی ئەمەش لەبواری زانستی و کولتووری کارێکی جۆروبڕ ئەنجامبدرێ، بۆ کەم کردنەوەی ئەو کەلێن و درزانەی کە لەنێوان ئێراقییەکان و جیهاندا هەیە. هەروەها چاک کردنەوەی بونیادی کۆمەڵگای ئێراق و سیستەمی نرخ و بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتییە رەسەنەکان و رزگار کردنیان لەشوێنەوارە خراپەکانی سیاسەتەکانی حکومەت لەم ٤٠ساڵەی دواییدا، دەبێ یەکەمین خشتەی کاری رژێمی داهاتوو بێت. ئەمە سەرباری ئەو هەموو قەدەخە ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەی کە تا دوێنێ ژیانی خەڵکی کوت و بەند کردبوو، بێ ئەوەی بخرێتە ژێر چاکسازی ریشەییەوە، دیسان دەبێتە کەند و کۆسپ لەبەردەم بنکهێنانی سیستەمێکی دیموکراسی ئەنگ لەئێراقدا.

بێ ئەنجامدانی هەوڵ و کۆششی جۆروبڕ، بۆ نەهێشتنی شوێنەواری بەعەسکەر کردنی کۆمەڵگاو ئابووری ئێراقییەکان و گۆڕینی ئەرک و کارە سەرەکییەکانی سوپای ئێراق لەسەرکوت کردنی هاونیشتمانیان و کاول کردنی گوند و شارەکان بۆ پاراستنی وڵات لەهێرش و دەستدرێژی دەرەکی، هیواو ئومێدی بەرقەرار کردنی سیستەمێکی دیموکراسی لەئێراقدا نایەتە کایەوە. بەبێ بونیادنانەوەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لەسەر بنەما و پرەنسیپی نوێ کە پێچەوانەی ئەوەی ئێستا بێ، مرۆڤ ناتوانێ خەونیش بەبنیاتنانی سیستەمی دیموکراسی و دەوڵەتی یاسا ببینێ. ئەوداموودەزگایانەی کە لەسەر بنەمای سەرکوتکردنی خەڵک و راوەدوونان و ئەشکەنجە کردن دامەزراوە، هیچ شتێک نازانێ لەبارەی نرخەکانی لەخۆبوردوویی (التسامح) پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە شەخسییەکانی هاوڵاتیان و باڵادەستی یاسا، دەبنە کابوس لەبەردەم بونیادنانی سیستەمی دیموکراسی. گەلێک سەختە مرۆڤ باوەڕ بەپێکهاتنی سیستەمی دیموکراسی لەئێراقی ئایندەدا بکات. بێ ماوەیەکی ئینتیقالی کە شانبەشانی ئاواکردنی بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی نوێ، هەموو هەوڵەکان یەکبخرێن بۆ نەهێشتنی شوێنەواری رژێمی سەرتاپاگیری، هەر هەوڵدانێک کە هەندێک عەمەلیاتی جوانکاری لەسەر دەزگاکانی سەربازی، پۆلیس و ئاسایش بەس دەبینێ، ئێراقییەکان جگە لەمەرگەسات و کارەساتی نوێ شتێکی دیکەی لێ بەدەست ناخەن.

سەبارەت بەکێشەی کورد و پەیوەندیشی بەئایندەی دیموکراسی لەئێراقدا، پێویستە ئاماژە بەهەندێ بڕگەی گەورە بکرێ. دەبێ زۆر بەوردی هەڵوێستە لەسەر رەهەندی نەتەوەیی بکرێ لەمومارەسە و جێبەجێ کردنی دیموکراسیدا، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگا فرەنەتەوەییەکاندا. هەڵوێستە لەئاستی دۆزی نەتەوەیی لەئێراق بەگشتی و مافی گەلی کورد لەبڕیاردانی چارەنوس و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی و دیاری کردنی شێوە پەیوەندییەکی بەدەسەڵاتی ناوەندی لەچوارچێوەی کۆماری دیموکراسی - فیدراڵدا، گەوهەری پراکتیزە کردنی دیموکراسیەت دەنوێنێ. دەشێ بگوترێ کە چارەسەرییەکی رەوای دۆزی کورد دەبێتە دەروازەیەکی راست بەرەو سیستەمی دیموکراسی لەئێراقی ئایندەدا، هەروەها هەر تەگەرە و پەک خستنێک لەچارەسەری ئەو رەوش ئاڵۆزتر دەکات و دەرکەوتنی مەیلی دیکتاتۆریانە و باڵادەستی زەبروزەنگ و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و هاتنە کایەوەی تەگەرەی سەخت لەبەردەم بەرقەرار کردنی دیموکراسی و باڵادەستی دەوڵەتی یاسا لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.

لەهەمانکاتدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە بەبنەما گرتنی سیستەمی دیموکراسی لەدەسەڵاتدا یەکسەر و بەشێوەیەکی میکانیکیانە واتای چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەیی ناگەیەنێ، زۆر نموونەمان هەن لەوڵاتە هەرە دیموکراتەکاندا هێشتا بەدەستی کێشەی نەتەوەیی دەناڵێنن و بەهەڵواسراوەیی ماونەتەوە و چاوەڕێی چارەسەرین. ئەوانەی چەمکی دیموکراسیەت بەبنەما دەگرن، ناکۆک نین لەسەر ئەوەی کە چارەسەرییەکی ریشەییانەی دۆزی کورد لەدانانی پێشمەرج و مەرجی مافەنەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد و دیموکراسی بۆ ئێراق خۆی دەبینێتەوە، چونکە بێ دان نان بەگەلی ئێراقی بەعەرەب و کورد و نەتەوەکانی دیکە لەدیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆیان لەسایەی دەسەڵاتێکی دیموکراتیدا، ناکرێ دەست بە کردنەوەی ئەو هەموو گرێکوێرانەی وڵات بکرێ.

پێویستە ئاماژە بەحاڵەتی ئەو رێکنەکەوتنە بکرێ ئەگەر لەکەمترین ئاستیشدا بێ سەبارەت بە چەمک و زاراوەی پەیوەست بە دۆزی کوردەوە لەنێو لایەنە سیاسی و رۆشنبیرییە ئێراقییەکان، ئەمەش تیڕوانینی کوردی ئاستەنگ کرد، لەبەردەم رێکەوتنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی دیکتاتۆریەت و لەدواڕۆژیشدا دەبێتە تەگەرەیەکی سەخت لەبەردەم ساز کردنی سیستەمی دیموکراسی چاوەڕوانکراو لەئێراقی ئایندەدا. کوردان بەگومانن لەوەی کە میکانیزمی دەستنیشان نەکردنی چەمکەکان، مەبەست لێی بازرگانی کردنە بەهەندێ پرو پۆچوون و تێز، بێ ئەوەی هەڵوەستە لەسەر واتا و ناوەڕۆکی بکرێ. مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، هاوبەشیەتی لەوڵات، چارەسەر کردنی کێشەی کورد و فرەلایەنی ئەتنیکی دەوڵەتی ئێراق؛ هەموویان چەمکانێکن کە هێشتا هێزە سەرەکییە سیاسی و رۆشنبیرەکانی ئێراق لەسەری هاودەنگ نین، ئەم تێکەڵی و پێکەڵییەش لەدیاریکردن و ناساندنی چەمکەکان کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم هاتنەکایەوەی سیستەمێکی دیموکراسی راستەقینە لەئێراقی ئایندەدا ئەوەی دەبێتە نیگەرانی کوردان و لەمەودواش دەبێتە تەگەرە لەسەر رێی بەرقەرار کردنی دیموکراسی لەئێراقی ئایندە؛ نەبوونی بەرنامەیەکی ئاشکرا و واقیعیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەیی لەئێراق و لەریزی پێشەوەش کێشەی کورد، لەلایەن پارتی و هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێراق. لەمیانەی هەڵوێستی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێراق کە لەئاست پێداگری پەرلەمانی کوردستان لەسەر سیستەمی فیدراڵی؛ تەعبیرێکی ئاشکرای ئەو ئەمومژ و پەرش و بڵاوییەیە لەهەڵوێستەکاندا. بەڕای من ئەو رەوشە لەئایندەدا دەروازە دەخاتە سەر پشت بۆ دەرکەوتنی ئاڵۆزی زیاتر لەسەر رێی چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەیی و ئاوا کردنی سیستەمی فیدراڵی. پارتە بەرهەڵستکارەکان بەهەند هەڵنەگرتنی ئەم پرسە بەبیانوی درەنگ خستنی بۆ قۆناخی دوای روخانی رژێم پاساو دەدەنەوە، لەمەش زیاتر هەندێ هێزی بەکاریگەری نێو بەرهەڵستکارانی ئێراقی باوەڕیان نییە لەپێویستی بەدەنگەوە هاتنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، لەدانپیانان خۆیان دەدزنەوە و پەنا بۆ چەند دەستەواژەیەکی لێڵ و ئەمومژاوی دەبەن کە ئەمەش، گومانی کوردان لەو هێزانە زیاتر دەکات. ئەمەش راستییەکی خۆی هەیە لەرابردوو دووچاری ئێش و ئازاری بێ سنوور هاتن و ناکرێ بەچەند گوزارشتێکی بریقەدار شوێنەوارەکانی بسڕدرێتەوە.

# خولقاندنی کەسێتی تاک، سەرهەلدانی کۆمەلگایەکی ئازاد

ئەلا مەهاباد

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێک سیستەم لەکات و سالی جیاجیادا گوزارەیان لەخۆیان کرد و جێگە و پێگەی خۆیان دیاری کرد. بەلام لەهەندێک لایەنیشەوە پەند و ئەزموونیان لەپەکتر دەرخستووە. لێرەدا ئەوەی جێگەی باسەکەمانە دیاردەی تاکە لەنێو سیستەمەکاندا، دەبێت ئەوە بزانین تاک لەکوێدا بۆتە قوربانی بەکۆمەلگابوون و لەکوێشدا دەکەوێتە واری تاکرەوێتییەوە.

لەچاخەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیدا تاک بەتەواوەتی ببووە قوربانی سیستەمی بالادەست و تەنانەت لەئاستێکدا بوو، نەیتوانیوە خاوەنداریتی لەسێبەری خۆی بکات، هەموو شتێک بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی سیستەم رێکدەخرا. لەبەرئەوەش سیستەمی سەرمایەداری تەقینەوەیەکی پێچەوانەی بەخۆیەوە بینی. ئەم تەقینەوەیەش کە دەرئەنجامی ململانێی نێوان تاک و کۆمەل بوو، لەگەل سیستەمی سەرمایەداری دەرکەوت. ئەمە وایکرد رۆژبەرۆژ هاوسەنگی نێوان تاک و کۆمەلگا ئاراستەیەکی پێچەوانە وەربگرێت. کەسێتی تاک بەرادەیەکی وەها خۆی دەرخستە پێش کە بەرژەوەندییەکانی کۆمەلگای بن پێ کرد. تا ئەو ئاستەی کۆمەلگا بەهەموو شێوەیەک کرایە قوربانی تاک. کەسێتی تاک لە تاکبوون دەرکەوت، کەوتە واری تاکرەوێتییەوە، تەنانەت ئەم تاکرەوێتییەش وای لێهات کە بێجگە لەبەرژەوەندییەکانی خۆی هیچ شتێکی تری لەلا بەرز نەبێ. تەنانەت ئەم رەوشە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی کردە سەر کۆمەلگا بوون و کەسێتی تاک. لێرەدا هەم کۆمەلگا بووە قوربانی بەرژەوەندییەکانی تاک. هەم تاکیش لەتاک بوونی خۆی دەرکەوت، واتە هەردووکیان کەوتنە ژێر گوشاری سیستەمی سەرمایەدارییەوە.

ئەم رەوشە لەسیستەمی سۆسیالیزمی بونیادنراودا بەجۆرێکی پێچەوانە زەقتر بۆوە، کە کۆمەلگابوون زیاتر خۆی دەرخستە مەیدان. بانگەشەی سۆسیالیزمی بونیادنراو لەم بێناوەدابوو. لەژێر ناوی پاراستنی کۆمەلگا، ئیدی تاک بووە قوربانی کۆمەلگا. ئەم سیستەمە لەگەوهەری خۆیدا شتێکی تری مەلاس دابوو ئەویش بەرژەوەندییەکانی دەولەت بوو نەک بەکۆمەلگابوون. تەنانەت شێوازێکی وەهای لەخۆوەگرت کە کەسایەتی تاکی وەکو کەمەیەکی رۆژئاوایی لەقەلەم دەدا. یەکێک لەهۆکارەکانی هەلوەشانەوەی سیستەمی سۆسیالیزمی بونیادنراویش دەگەرێتەوە بۆ ئەو رەوشە نالەبارەی کە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی دەولەتدا، تاک و کۆمەلی بن پێخست و لەئەنجامیشدا خودی سیستەم بەرەو هەلدێر چوو. تاک لەئیرادە داماڵراو، لەخولقکاری و داهێنان دورکەوتەوە و بەمردنگەش لەکەسێتی تاکدا کۆمەلگاش بێ ئیرادە و بێ بەرهەم بوو.

ئەو دەرئەنجامەی کە لەهەردوو سیستەمەدا دەرکەوت نەبوونی هاوسەنگی پێویست لەنێوان تاک و کۆمەل کە هەریەکەیان لایەنێکی بەبنەما دەگرت و لایەنەکەی دی بەلاوەدەنا. ئەمەش وایکرد هەردوو سیستەم نەتوانن ئاراستەیەک بدەن بەتاک و کۆمەل یاخود بابلێین هەردوو سیستەم تاک و کۆمەلیان جەواشە کرد و لێکیان هەلوەشاند. چارەسەری هەر دوو لایەنیش ئەوەیە کە رەوشی تاکرەوێتی رەهای سیستەمی سەرمایەداری کە وەکو گیانەوەرێکی لێهاتووە، سنووردار بکرێت و لەهەمان کاتیشدا ئەزموون وەربگیردرێت لەو یوتۆپیاگەرایییەی سۆسیالیزمی بونیادنراو. چونکە هەردوو سیستەم دوورن لەمامەلەیەکی زانستیانە سەبارەت بەتاک. هەربۆیە نەیانتوانی بینە وەلام بۆ کێشەکانی تاک و کۆمەل. بێگومان ئەوەی کە بۆ تاک و کۆمەلگا و هەردوو سیستەمی ئیفلاس بوو، دەبێتە وەلام و چارەسەری بۆ کێشەکانیان دێنێتە ئاراوە، ئاسنامەی ئایدیۆلۆژییەکی نوێیە کە لەمانیفێستۆی شارستانی دیموکراسی هاوچەرخدا خراوەتەروو. ئەبێ دەرک بەوە بکرێ تاکو شارستانی دیموکراسی هاوچەرخ نەبێتە سیستەمێکی بەرجەستە و شێوازی ژیان، ئەوا مەحالە کێشەکانی تاک و کۆمەلگاش چارەسەر بێن، هەروەکو خۆیان بەهەلواسراوی دەمێننەوە.

# کولتووری رۆژنامەگەری

ئاریز

لەناو سیستەمی دیموکراسی و کۆمەلگای مەدەنیدا، رۆژنامەگەری رۆلێکی بەرچاو ئەگێرێ لەپێنجستن و بەهێز کردنی سیستەم و ئەرکێکی گرنگ ئەکەوێتە سەرشانی. لەکۆمەلگایەکی ئازاد و پێشکەوتوودا رۆژنامە و رۆژنامەنووسان بەردەوام زانیارییەکان بەشێوەیەکی راشکاوانە ئەگەیەننە خوێنەری خۆیان و ناهێلن راستییەکانی سیستەم و کۆمەلگا بەنهێنی بمێننەوە. لەچوارچێوەی ئازادی ئەندێشەدا هەموو بیروبۆچوونێکی لێک جودا لەرێگای رۆژنامەوە بلاو ئەبێتەوە و ئەکەوێتە بەردەستی توێژەکانی کۆمەل و کەش و هەوایەکی دیالۆگ و مشتومڕی زانستی لەبوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ... هتد دروست ئەبێ و بەم شێوەیە پرسیارەکان ئەخرێنە بەرچاوی رای گشتی و بۆ وەلامدانەوەش بە بەشدارییەکی فرەلایەنە و گشتگیر وەلامی گونجاو و زانستی بۆ ئەدۆزرێتەوە.

رۆژنامەی ئازاد و سەربەخۆ بۆ پاراستنی پرەنسیپی رۆژنامەگەری خۆی، بەردەوام هەول ئەدات لەپێناو خزمەت بەکۆمەلگا و بەرەوپێش بردنی دیموکراسی لەبەرامبەر کەم و کورتییەکان بێدەنگ نەمێنێ و بەشێوەیەکی رەخنەگرانە و بابەتیانە مەسەلەکان هەلئەسەنگێنێ و لێی ئەکۆلێتەوە و رێگای چارەسەریان بۆ ئەدۆزێتەوە و لەم دەلاقەشەوە کۆمەلگا ئاراستە ئەکات.

لەباشووری کوردستان ئەگەرچی گەلێک رۆژنامە و گۆڤار دەرئەچێ و هەندێکیشیان خۆ بەرۆژنامەی ئەهلی و ئازاد لەقەلەم ئەدەن، کەچی جەمکی رۆژنامەنووس و کولتووری رۆژنامەگەری نەیتوانیوە خۆی لەبازنەی جەمکی رۆژنامەگەری حزبی رزگار بکات و کولتوورێکی نوێ پەیدا بکات و لەئاستی پێویستی و داخوازییەکانی کۆمەلگا ببێتە وەلام. هەولی ئەداوە ئاسنامەیەکی سەربەخۆ و ئازاد لەسەربنەمای جەمکێکی رەخنەگرانە لەدەسەلاتی حزبی و سیستەمی دژەدیموکراتیک چالاکی بنوێنێ و تێکۆشان بەرێوە ببات. کاتێ رۆژنامەگەری حزبی فەشەلی هێنا و خوێنەرانی خۆی لەدەست دا. بۆ ئەوەی دەسەلاتی ئاگە حزب و بنەمالە، بتوانێ خۆی لەسەر پێ رابگرێ بەناوی رۆژنامەی ئەهلی و ئازاد، چەند رۆژنامەیەکی پاشکۆی بۆ خۆی پەیدا هێنا، بۆ ئەوەی هەم جەماوەری پێ جەواشە بکات و بەشێوەیەکی دیماگۆژانەش ئەم رۆژنامانە وەک شێوەیەکی رۆژنامەگەری ئازاد و رەخنەگرانە ئاوەزەد بکات. کاتێ سەیری وتار و جەمکی نووسینی ئەم رۆژنامانە دەکەین دەبینین ئەمانەش زۆر لەراستییەکانی حزب و دەسەلات دەشارنەوە و تەنیا بەئاشکرا کردنی هەندێک شتی لاوەکی و رووکەشانە بەسەندە دەکەن.

ئەگەر رۆژنامەنووسێکیش ببەوێ بەشێوەیەکی ئازاد بەرامبەر بەئەرکەکانی هێزی دەسەلاتدار پرسیار بکات و پشکنین ئەنجام بدات، یاخود هەواڵێک بلاو بکاتەوە، ئەوا لەلایەن ئەو سیستەمە دەسەلاتدارییەی کە هەرگیز ئامادە نییە بەرامبەر بەگەل وەلامدەر بێ و نهێنییەکانی بۆ رای گشتی ئاشکرا بکات، هەرەشەی لێ ئەکرێ و مەترسی بۆ دروست ئەبێ. بێگومان بۆ کۆمەلگای دیموکرات و ئازاد پێشخستنی جەمک و کولتوورێکی رۆژنامەگەری ئازاد کە بەجەسارەت و بێ ترس و دوودلی رەخنەی سیستەم و کۆمەلگا بکات پێویستییەکی سەرەکی و ژیانییە.

## پاشماوەی ژنانی باشوور لەقۆناغی...

بێگومان سیستەمێکی وەها لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەرادەیەك خۆی زاڵ کردووە کە هیچ دەرفەتێکی دیموکراسی و ئازادی نەهێشتۆتەوە تا ژنان بتوانن تێیدا تێکۆشینی سیاسی و ڕێکخستنی و کولتووری و... هتد خۆیان پێشبخەن. لێرەدا خاڵێکی کە جێی ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە هەم لەقۆناغی سەرهەڵدانەکانی کوردان و لەقۆناغی دوای ڕاپەڕینیش هەمیشە میکانیزمێکی وەها پەیڕەو دەکرێ کە ژن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا زۆر زۆر لەپیاو زیاتر رەنج دەدات و دووچاری زەحمەتی و ماندو بوون بۆتەوە و فیداکاری نواندووە، بەڵام بەداخەوە کە لەهیچ جێگایەکیشدا کارێك یان بەرهەمێك، یاخود بڕیارێك کە ناسنامەی ژنی پێوە دیار بێت و ڕێگربێت لەپێش زێدەڕۆیی پیاو نابینرێ. بەساڵانە بێجگە لەئێش و ئازارەکانی شەڕ و نەبوونی و کۆچبەری ژنان، لەباشووری کوردستاندا ژن لەدوو ڕێگای تەسکدا قەتیس کراوە کە هەردووکیان لەیەك دەرگادا دەگەنەوە یەك، ئەویش دەرگای کۆیلایەتی و مردنە. واتا هەر ژنێك لەبن ستەم و چەپۆکی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی پیاو و پارتە سیاسییەکاندا بیەوێ سەرهەڵبدات، ئەوا پێویستە بکەوێتە داوی چەمکی ناموس و لەژیاندا ڕیسوا بێت، یان پێویستە هەر بێدەنگ بێت و هەتا ڕۆژێ دڵ و مێشکی پڕ دەبێ لەنەفرین و نارەزایی لەبەرامبەر بێ دادی پیاو و کۆمەڵگادا و لەئەنجام دەچێتە ڕیزی ئەو ژنانەی کە لەچرکەیەکدا دەبنە کڵپەیەکی ئاگر و بێ هیچ لێ پرسینەوەیەك لەنێو ئاوان دەردەچوون.

هەموو ئەو ڕاستییانەی کە ئاماژەی پێکرا، گوزارە لەرەوشێکی نائاسایی دەکات بۆ ژن و کۆمەڵگای باشوور بەگشتی. دەتوانین بڵێین ئەم رەوشە خۆی لەخۆیدا هەلومەرجی بابەتی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە کە بەپێشەنگایەتی ژن بونیاد بنرێت. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەمڕۆ ئێمەی ژنان لەنێو ڕیزەکانی بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەیی و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستاندا هەوڵ دەدەین لەلایەنی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخستنییەوە ببینە ئەو هێزەی کە سەرچاوەی ئیرادەی بەهەزاران ژنی شەهیدە کە لەبەرامبەر زوڵم و زۆریدا ئاگریان لەخۆیان بەرداوە و بوون بەقوربانی پێوەندیگە کۆنەکانی کۆمەڵ، هەروەها لەسەربنەمای ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری ژن، پێشخستنی تێکۆشینی ئازادی ژن لەباشووری کوردستاندا بەئەرکێکی سەرەکی دەزانین. بۆ ئەمەش گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هێزی ئایدیۆلۆژیمان ئەواوی ژنان و هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا و پێشخستنی ئیرادەی ژنان و ئاواکردنی ڕێکخستنی تایبەت بەژنان، ئاراستەکردنی هێزی تێکۆشینی ژنان لەهێڵی ئازادیدا شەڕکردن لەبەرامبەر هێڵی عەشیرەتی و فیوداڵی و دەستپێکردنی هەڵمەتێکی کرداری ئازادی ژنان کاری هەرە ستراتیژیمانن لەم قۆناخەدا. ئەمەش دێتە واتای دەست پێکردنی قۆناخێك کە کۆتایی بەمردنی ژنان دێنێ و تێکۆشین دەبێتە تاکە هەڵبژاردەی ژنان و بەپێشەنگایەتی ژنانی شۆڕشگێڕی پارتیمان و بەووشیاربوونەوە و دەنگ هەڵبڕینی ژنانی ئازادیخوازی باشوور دروشمی ( لەپێناو گەیشتن بەئەمریدا هەڵمەتی ئازادی و تۆڵەسەندنەوە) دەبێتە ئامانجی سەرەکیمان.

## پاشماوەی قۆناخی ئەمڕۆی تورکیا...

هەروەکو دەزانرێ پارتی داد و گەشەپێدان AKP و سەرۆکەکەی ئەردۆغان وادەنارین کە لەدەرەوەی سیستەمن؛ چونکە هەردووکیان بنەچەکەیان بۆ پارتی رەفای رابردووی ئەحمەدین ئەربەکان دەگەڕێتەوە. واتە کادیرەکانی لەدەرەوەی سیستەمی ئۆلیگارشی پێگەیشتون. هەروەکو چۆن پارتی رەفا وەکو پارتێکی دەرەوەی سیستەم دیار بوو؛ بۆیە لەهەڵبژاردنی ١٩٩٥ بوو بەپارتی یەکەم و دەسەڵاتی گرتە دەست؛ ئەوا ئەمجارە لەبەرئەوەی گەل بەرامبەر پارتەکانی سیستەم پڕ لەنەفرەت بوو؛ ئیتر داخوازی بەلاوەنانی ئەو سیستەمەی هەبوو؛ هەربۆیە زۆرینەی دەنگەکان بە AKP دران کە وەکو پارتێکی دەرەوەی سیستەم نیشاندرا!! بەتایبەتیش دامەزراوە فەرمییەکانی تورکیا و میدیا و پڕوپاگەندەکانی بەرامبەر AKP کران، ڕۆڵێکی بەرچاوی لەوەدا بینی و سەرنجی گەلیان بەلای ئەم پارتەدا ڕاکێشا، ئەمەش جگە لەو پشتگیرییەی لەدەرەوە بەتایبەتیش لەئەمریکاوە لێی دەکرێ؛ چونکە ئەمریکا لەتورکیا پێویستی بەدەسەڵاتی زۆرینە هەیە، تاوەکو پیلانەکانی سەبارەت بەناوچە پەیڕەو بکات. بەتایبەتیش کە ئەم پارتە لایەنێکی ئیسلامی هەیە، لەم ڕێگایەشەوە سەبارەت بەدەستێوەردانی سەر ئێراق لەلایەك دەتوانێ هەڵوێستی وڵاتانی ناوچە بەتایبەتیش عەرەبەکان لەم بارەیەوە ئەرمز بکات، لەلایەکی دیکەش کاردانەوەی عەرەبەکان بەرامبەر تورکیا نەرم بکاتەوە. ئەگەر شانبەشانی تورکیا جوڵانەوە بکات.لەلایەکی دیکە لەبەرئەوەی پارتێکی دەرەوەی سیستەم دیارە و جەماوەریش گەرم نزیکی دەبنەوە، هەڵوێستی دەزگای سەربازی و سیستەم بەگشتی ئەوە بوو؛ پاشێتە دەسەلات، بەردەوام لەژێر فشاردا دەیهێڵینەوە؛ بەمجۆرە هەرشتێك بخوازین بیکەین بەدەستی ئەو ئەنجامی دەدەین؛ چونکە ناچارە داخوازییەکانمان جێبەجێ بکات و خۆی ڕووبەڕووی سوپا نەکاتەوە؛ ئەم سایکۆلۆژیایە وای لێدەکات بەردەوام بێ ئیرادە بێت. بەمجۆرە هەندێ کاری بێ ئەنجام دەدەن و لەناو کۆمەڵگا ڕێسوای دەکەن و بچووکی دەکەنەوە و بنکە جەماوەرییەکەی نامێنێ. نموونەی ئەمەش مەسەلەی ڕێککەوتنە لەگەڵ ئیسرائیل، هەروەکو چۆن لەساڵی ٩٦ لەسەردەمی دەسەڵاتی پارتی رەفا ڕێککەوتنی ستراتیژییان لەگەڵ ئیسرائیل بەست، ئەوا لەڕێگای AKP درێژە بەم پەیوەندییە دەدەن و تەنانەت دەستێوەردانی ئێراقیش لەڕێگای حکومەتی AKP ئەنجامدەدەن.

ئەم قۆناخەی ئێستای تورکیا قۆناخێکی بەڕێنەوەیە، قۆناخێکی نێوان دوو سیستەمی جیاوازە. لەهەڵبژاردندا، کۆمەڵگا سیستەمی کۆنی ڕەتکردەوە، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی نوێ سەرنەکەوت و هێشتا ماوێتی؛ سیستەمی نوێ لەڕێگای AKP وە ئاوا ناگرێت؛ شیمانەی سەرکەوتن و درێژ خایەنێنی دەسەڵاتی AKP ئێجگار لاوازە؛ وا دیارە دوای ئەوەی سیستەم کاری پێی نامێنێ، بەلاوەی دەنێ. تەمەنی کورت دەبێ و بەناچاری لەوانەیە تورکیا بەرەو هەڵبژاردنێکی دیکەی پێشوەخت ببات؛ ماوەی هەرە درێژیش لەوانەیە ٢ ساڵی تر بێت. پارتی AKP ش لەناوخۆیدا یەکێتییەکی ئایدیۆلۆژی پتەوی نییە؛ لەسێ ڕەوتی جیاواز پێکهاتووە، یەکەمیان ڕەوتی ئیسلامی سیاسی یە کە بنەچەکەیان بۆ رەفا دەگەڕێتەوە ئەمانە زۆرینەن، ڕەوتێکیان ئەوانەن کە لەپارتە ڕاستڕەوەکان دابڕاون و هاتوونەتە نێو AKP، ڕەوتی سێیەمیان ناوەندی سەرمایە و بورژوازییەکانن. هەربۆیە لەگەڵ توندبوونی ناکۆکییەکانی AKP لەگەڵ سیستەم و تەنانەت بەهۆی هەندێ کێشەی ناوخۆیی و دەستێوەردانەکان، شیمانەی پارچەبوونی ئەم پارتە ئەگەرێکی بەهێزە.

هەربۆیە جگە لەوەی پەرلەمانی ئێستا نوێنەرایەتی ئیرادەی کۆمەڵگای تورکیا ناکات و رەوا نییە؛ لەهەمان کاتدا پەرلەمان و حکومەت بێ ئیرادە و بێ بڕیارە، لەئەنجامی دەستێوەردانێك هاتۆتە سەر دەسەڵات و ناشێ بەردەوام بێت؛ لەگەڵ بەلاوەنانی ئەم دەسەڵاتەش ئیتر کۆتایی بەقۆناخی بەڕێنەوە دێت و بەرەو کۆماری دیموکراتیانە هەنگاو دەهاوێژرێت.

# چارەسەری

ئۆرگانی ناوەندی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

هەینی ٢٢ی تشرینی دووەم ٢٠٠٢ ژمارە ١٥ ساڵی یەکەم


## Zimanî Rastî

## زمانی راستی

- هەتا مرۆڤایەتی هەبێت مێژووی تێکۆشانی سۆسیالیزمیش بەردەوام دەبێت.
- Heta mirovayetî hebêt mêjûy têkoşanî sosyalîzmiş berdewam debêt.
- من بۆ مرۆڤایەتی خاوەن هزرێکی بەهێزم.
- Mın bo mirovayetî xawen hızrêkî behêzım.
- شۆڕشی کوردستان شۆڕشێکی بەرتەنگی نەتەوەپەرستی نییە.
- Şorişi kurdistan şorişêkî bertengî neteweperstî nîye.
- ئایدیۆلۆژیای راست و رەوان بەتێروانینی زۆر باشەوە بەدی دێت.
- Aydiyolojîyay rast u rewan be têrwanînî zor başewe bedî dêt.
- شەری مەزن، "ژیانی مەزن، خۆشەویستی مەزنە".
- Şerî mezin, "jîyanî mezın, xoşewîstî mezine".

**Serok APO**

## بەرهەمی نوێ و پەرتووکی سەدە



بەرگی دووەمی پەرتووکی "لەدەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراسیانە" کە بەمانیفێستۆی شارستانیێتی دیموکراسیانە دەناسرێت، کەوتە بەردەستی خوێنەران. ئەم پەرتووکە لەلایەن سەرۆک ئاپۆوە وەکو جوارچێوەی بەرگرینامەیەک، بۆ دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا نوسراوە و پێشکەش کراوە. بەرگی دووەم لەدوو بەشی شەشەم و حەوتەم پێک دێت و بابەتی سەبارەت بەچارەسەری کێشەی کورد، دیارکردنی جوارچێوەیەک بۆ مێژووی کورد، تێروانین بۆ جوڵانەوەی نەتەوەیی دیموکراسی نەتەنیکی کوردان، مێژووی پیلانگێرییەکان، ئەو پیلانگێرییەی کە PKK دووچاری بۆتەوە... هتد لەخۆوە دەگرێت.




## هەڵوێست

### سەرچۆپییەکەی بەردەرگی سەرامان، فت..!!

دوێنێ لەچاخانەی کرێکاران دانیشتبووم. رۆژنامە دەست گێڕەکان سەرنجیان راکێشام، بەتایبەت هەرسێ وێنەی رەنگاورەنگی لاپەڕەی یەکەمی کوردستانی نوێ، بەپەلە کڕیم و خوێندمەوە، لەشتە سەیر و سەمەرەکانی دنیا بوون. کابرای لای خۆمان هەمووتان ئەزانن لەکوێنی نامەکانیدا ئەڵێ "بەندەی موخلیستان" بەڕاستی موخلیسە بۆ دەرودراوسێ، هیچ کاتێک دڵیان ئێشاکات و دڵە ناسکەکەیان ناشکێنێ، بەتایبەتیش لەنامەکەی ئەمجارەیدا کە بۆ پارتە سەرکەوتووەکانی تورکیای نارد بوو، وەکو بۆ خۆی لەهەڵبژاردن دەرچو بێت. لەبیری چۆتەوە کە لەم وڵاتەشدا گەلی کورد بوونی هەیە و لەهەڵبژاردنیش دا لەنامادەکاریدا بوون ببنە خاوەنی پەرلەمانتار. دەرچوون و دەرنەچوونیان خۆمانی لێ نادەین، بەڵام ئەوەی جێگای داخە لەم نامەیەدا وا دەردەکەوێت کە گەلی کورد بوونی نەبێت و لەتورکیا هیچ کێشەیەکیش لەئارادا نەبێ.

بەڕاستی سەیرە، بەناوی کوردەوە پیرۆزبایی لەپارتێک دەکات، کە تائێستا رەنگ و دەنگی دیارنییە و کەس نازانێت کوێ کێیە و چارەنوسی تورکیا بەرەو کوێ ئەبات؟، هەرچەندە بۆ سەرکردەیەک ئەمە کارێکی سەیرە، بەڵام بۆ بەندەی موخلیس عادەتە و تولەفەتی سیاسی پێوە گرتووە و، فەوانە کۆنەکەی گەنجێتی دووبارە ئەکاتەوە، هەروەک جۆن لەسوریا دەیگوت، بۆ کاری دیبلۆماسی بەپەسەپۆرتی سوری نەبێت سەفەر ناکەم، لەلیبیاش پەرتوکی سەوزی دەردەهێنا و دەیگوت، پێویستە منداڵانی کورد لەسەر ئەم کتێبە پەروەردە بکرێن، بۆ ئەمەش پارەمان پێویستە. لەتورکیاش داوای لە ئاغاکانی شەر دەکرد هەندێک هەوای دیموکراسیمان بۆ بنێرن، بەڵام دیموکراسیەتێکی وەها کە نەک تەنها گەلی کورد لەسایەیدا ناتوانێ باس لەمافەکانی بکات، بەڵکو (بەندەی موخلیس) بۆ خۆشی لەنامەکەیدا زاتی ئەوە ناکات لێشی نزیک بێتەوە و ناوی کوردان بێنێت.

ئەم نامەیەش دەکەوێتە سەر کارە سەیر و سەمەرەکانی تری کە بەناسانی پیرۆزبایی لەکۆنە دۆستەکەی (دەنیز بایکال و گلۆبە زەرد بەسەرەکان) دەکات، کە ئەوانیش لە جەماعەتی بەرماڵن و بەدەنگی دڵی شێخایەتی دەگەنە یەک، ماوە بڵێین ئەگەر سیاسەت ئەمەبێ وەڵاهی سەرچۆپییەکەی بەردەرگی سەرامان.

فت..!!